حکـومەتـی هـەرێمـی کوردسـتان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتیی زانکـۆی گـەرمیـان
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

# ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش
# لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا

توێژینەوەیەکە لەلایەن (نیاز مەحمود عەبدولقادر) و (ئیمان ئەحمەد زێدان)ەوە ئامادەکراوە و پێشکەشی بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان-یان، کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

سـەرپـەرشـت:
م.ی. ئـاری عوسـمان ڕۆسـتەم

٢٠٢٠- ٢٠٢١ زاینی ٢٧٢٠- ٢٧٢١ کوردی

# ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش
# لە ڕۆمانەکانی (فەرهاد پیرباڵ)دا

توێژینەوەیەکە لەلایەن (نیاز مەحمود عەبدولقادر) و (ئیمان ئەحمەد زێدان)ەوە ئامادەکراوە و پێشکەشی بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان-یان، کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:
م.ی. ئاری عوسمان ڕۆستەم

٢٠٢٠- ٢٠٢١ زاینی ٢٧٢٠- ٢٧٢١ کوردی

# ﴿ پێشکەشە ﴾

- بە خێزانەکەمان، بەتایبەت دایك و باوکی ئازیزمان، کە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتمان بوون...

- بە هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ و ئازیزانەی، ڕۆژێك لە ڕۆژان شتێکیان لێوە فێربووین...

- بە سەرجەم مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت...

- بە تەواوی هاوڕێ و هاوپۆلەکانمان...

// سوپاس و پێزانین //

- له دڵەوه سوپاس و پێزانینی زۆر ئاراستەی (م.ی. ئاری عوسمان ڕۆستەم) دەکەین، که زۆر به دڵسۆزییەوه ئەرکی سەرپەرشتیی توێژینەوەکەی له ئەستۆ گرت و ئەگەر دڵسۆزیی ئەو نەبووایه ئەم توێژینەوەیەش بەرهەم نەدەهات.

- زۆر سوپاس بۆ (پ.ی.د. دیـار فایەق مەجیـد)، که به پێدانی سەرچاوه، سـوودی زۆری پێ گەیاندین و هاوکارمان بوو.

- سوپاسی زۆرمان بۆ سەرجەم کارمەندانی ئەو کتێبخانانەی که سەرچاوەمان لێوه بەدەست هێنان، ئەرکیان لەگەڵ کێشاین.

- سوپاس بۆ (م. نەوزاد غەریب) و (م. مەریوانی مامه ساله)، سەرجەم ئەو دۆست و هاوڕێ ئازیزانەی که ئەگەر به وشەیەکیش بووبێت، هاوکارمان بوون له به ئه نجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا.

# پێــڕســت


| لاپەڕە | بـابــەتـــەکــان |
| --- | --- |
| أ | پێشکەش |
| ب | سوپاس وپێزانین |
| ت - پ | پێڕســت |
| ١ — ٢ | پێشەکی |
| ٣ — ١٨ | دەروازە/ ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربـاڵ |
| ٤ — ٦ | یەکەم/ پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین |
| ٦ — ٨ | دووەم/ منداڵبـاز |
| ٨ — ١٠ | سێیەم/ سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا |
| ١١ — ١٣ | چوارەم/ قەبرێکی سێگۆشە |
| ١٣ — ١٥ | پێنجەم/ مولازم تەحسین و شتی تریش |
| ١٥ — ١٨ | شەشەم/ هۆتیلْ ئەوروپا |
| ١٩ - ٣٩ | بەشی یەکەم/ ناساندنی زاراوە و چەمکە تیۆرییەکان |
| ١٩ — ٢٣ | تەوەری یەکەم/ چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا |
| ١٩ — ٢١ | یەکەم/ زاراوەی ئیستاتیکا |
| ٢١ — ٢٣ | دووەم/ ماهییەتی ئیستاتیکا |
| ٢٤ — ٢٩ | تەوەری دووەم/ چەمك و پێناسەی گێڕانەوە |
| ٢٤ — ٢٥ | یەکەم/ زاراوەی گێڕانەوە |
| ٢٥ — ٢٩ | دووەم/ ماهییەتی گێڕانەوە |
| ٣٠ — ٣٩ | تەوەری سێیەم/ چەمك و پێناسەی شەپۆلی هۆش |
| ٣٠ — ٣١ | یەکەم/ زاراوەی شەپۆلی هۆش |

| | |
|---|---|
| دووەم/ ماهییەتی شه پۆلی هۆش | ٣١ — ٣٥ |
| سێیەم/ تەکنیکەکانی شه پۆلی هۆش | ٣٥ — ٣٨ |
| **بەشی دووەم/ بەرجەستەبوونی ئیستاتیکای شه پۆلی هۆش لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربالدا** | ٤٠ — ٥٢ |
| تەوەری یەکەم/ شه پۆلی هۆش و تەکنیکی مەنەلۆگ لە دەقی ڕۆمانەکاندا | ٤٠ — ٤٣ |
| تەوەری دووەم/ شه پۆلی هۆش و تەکنیکی خۆدواندن لە دەقی ڕۆمانەکاندا | ٤٤ — ٤٧ |
| تەوەری سێیەم/ شه پۆلی هۆش و بەدواداهاتنی ئازاد لە دەقی ڕۆمانەکاندا | ٤٨ — ٥٢ |
| ئه نجام | ٥٣ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٥٤ — ٥٧ |

# پێشەکی

# دەروازە

# ئەزموونی ڕۆماننووسیی

# فەرهاد پیربالْ

# بەشی یەکەم

## ناساندنی زاراوە و چەمکە تیۆرییەکان

- تەوەری یەکەم/ چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا
- تەوەری دووەم/ چەمك و پێناسەی گێڕانەوە
- تەوەری سێیەم/ چەمك و پێناسەی شەپۆلی هۆش

# بەشی دووەم

## بەرجەستەبوونی ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربالدا

- تەوەری یەکەم/ شەپۆلی هۆش و تەکنیکی مەنەلۆگ
- تەوەری دووەم/ شەپۆلی هۆش و تەکنیکی خۆدواندن
- تەوەری سێیەم/ شەپۆلی هۆش و بەدواداهاتنی ئازاد

# ئەنجام

# لیستی سەرچاوەکان

# پێشەکی

ئەگەرچی شەپۆلی هۆش وەك زاراوە لە بواری دەروونناسیدا سەریهەڵداوە، بەڵام دواتر وەك چەندین زاراوەی دیکە هاتووەتە نێو ئەدەبییاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریی و پێشکەوتنانەی کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە و بەرەبەرە پەرەیان سەندووە. هەڵبەتە ئەدەبی کوردییش لەم پەرەسەندنە جیهانییە بێبەش نەبووە، بۆیە دەبینین ژمارەیەك دەقی ڕۆمانمان هەیە، کە لەم ساڵانەی دواییدا چاپ و بڵاوبوونەتەوە، سوودێکی بەرچاویان لەم چەمکە ئەدەبییە بینیوە.

- **ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالـ دا)، کە بەوردی و لە چوارچێوەی سنوورێکی زانستییدا کاری تێدا کراوە.
- **هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** هۆی سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەزموونی ڕۆماننووسیی (فەرهاد پیربالّ) دەوڵەمەندە لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاجیاکانی ڕۆماننوسییەوەو لەو نێوەندەشدا (شەپۆلی هۆش) پشکی شێری بەرکەوتووە، کەچی تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی لەم شێوەی لەسەر نەکراوە.
- **گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە بۆ یەکەم جارە بەم شێوە بەرفراوانە ئاوڕ لە ئەزموونی ڕۆماننوسیی فەرهاد پیربالّ بدرێتەوە و توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت. بەدەر لەوەش گرنگییەکی تری دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دوو چەمکی ئەدەبی ئاوێتەی کارەکە کراوە، کە ئەوانیش بریتین لە (ئیستاتیکا) و (شەپۆلی هۆش).
- **میتۆدی توێژینەوەکە:** بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ڕێڕەوی زانستییانەی خۆی بگرێتەبەر، هەوڵمان داوە پشت بە میتۆدی (شیکاریی- یەکدگیـر) وەربگرین و هاوکات لە هەندێ شوێنی تری کارەکەماندا سوودمان لە بنەماکانی میتۆدی (مێژوویی) وەرگرتووە.
- **سنووری توێژینەوەکە:** سەرجەم ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالّ، بەدەر لە هەردوو ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم) و (٧ صور خليعه لزوجه سياده الوزير)، دەبنە کەرەستەی توێژینەوەکەمان، کە لە ڕوانگەی ئیستاتیکای شەپۆلی هۆشەوە کاریان لەسەر دەکرێت.
- **کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی هەرە سەرەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەو پرسیارە جەوهەرییەی کە ئاخۆ چ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان چەمکەکانی ئیستاتیکا و شەپۆلی هۆشدا هەیە و لە دەقی ڕۆمانەکانی سنووری توێژینەوەکەشدا چۆن بەرجەستە کراون؟

- **پێکهاتەی توێژینەوەکە:** پەیکەری ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە، هەر بەشێکیش بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەش بووە، بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

لە دەروازەی توێژینەوەکەدا باس لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربال کراوە و پووختەی هەریەك لە ڕۆمانەکان لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی گشتییەوە خراوەتە ڕوو.

بەشی یەکەم تایبەت کراوە بە لایەنی تیۆریی و بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە. تەوەری یەکەم تایبەتە بە چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا، لە تەوەری دووەمیشدا چەمك و پێناسەی گێڕانەوە خراوەتە ڕوو، پاشان لە تەوەری سێیەمدا باس لە چەمك و پێناسەی شەپۆلی هۆش کراوە.

هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە، تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی و بەسەر سێ تەوەردا دابەش بووە. لە تەوەری یەکەمدا باس لە شەپۆلی هۆش و جۆرەکانی مەنەلۆگ کراوە لەو دەقانەی کە لە ڕۆمانەکانەوە وەرگیراون و لە تەوەری دووەمدا شەپۆلی هۆش و خۆدواندن بەرباس دراون و لە تەوەری سێیەمیشدا شەپۆلی هۆش و بەدواداهاتنی ئازاد لە دەقە وەرگیراوەکانی ڕۆمانەکاندا خراونەتەڕوو.

بەم شێوەیەش توێژینەوەکە بە کۆتا گەیشتووەو گرنگترین ئەنجامەکانیشمان لەمیانەی چەند خاڵێکدا گەڵاڵە کردووە و لەپاڵ ئەوەشدا لیستی سەرچاوە و ژێدەرەکانمان بەشێوەیەکی زانستییانە ڕێك خستووە.

## دەروازە

## ئەزموونی ڕۆماننووسیی (فەرهاد پیربال)

فەرهاد پیربال، یەکێکە لە نووسەر و ڕۆماننووسە دیار و بەناوبانگەکانی دنیای ئەدەبی کوردی. زۆرجار بە هۆی ئەو شێواز و تەکنیکە جیاوازانەی بەکاریان دەهێنێت، دەبێتە جێگای سەرنجی کۆمەڵگە بەگشتی و توێژی ڕۆشنبیران بەتایبەتی. ئەمەش بە هۆی ئەو ڕێبازەوەیە کە پێی دەنووسێ، کە ئەویش ڕێبازی (سوریالیزم)ە، کە شێتایەتی و گاڵتە و گەمەکردن و گەڕان بەدوای شتی سەیروسەمەرەدا، چەند بنەمایەکن لە بنەماکانی ئەم ڕێبازە. بۆیە زۆرجار ئەو ڕەخنانەی کە لە پەیڕەکەرانی ئەم ڕێبازە دەگیرێت ئەوەیە، کە ئەو ڕەفتارانەی ئەنجامی دەدەن لەگەڵ عەقڵییەت و لۆجیکی کۆمەڵگادا ناگونجێن. دیارە ڕێبازی سوریالیزم بۆ خۆی دژی هەموو جۆرە لۆجیك و عەقڵێکە.**(مەنتك، ٢٠١١، ٣٠- ٣١)**

هەر بە هۆی ئەمەشەوەیە، کە زۆرجار سوریالیستەکان بەر ڕەخنە و توانجی کۆمەڵگا دەکەون، وەك ئەوەی کە ئێستا فەرهاد پیربال دەیکات و کۆمەڵگای کردۆتە دوو بەرەوە، بەرەیەکیان ڕەخنەی لێ دەگرن و بەرەکەی دیکەش پشتیوانی لێ دەکەن.

هەڵبەتە تیۆریی دەروونشیکارییانەی فرۆید یەکێکە لە هۆکارەکانی پشتەوەی سەرهەڵدانی سوریالیزم، کە تێیدا پشت بە دیوی نائاگایی مرۆڤ و خەونەکان دەبەستێت.**(دەروانرێتە: صالح، ٢٠١٠، ٥٤ و ٥٨)** فەرهاد پیربال-یش لەبەرئەوەی بەم ڕێبازە دەنووسێت، بۆیە لە ڕۆمانەکانیدا کەم تا زۆر پشتی بە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش بەستووە، کە لەسەر بنەمای نەست و نائاگاییە.

لەم ڕوانگەوە دەتوانین بڵێین: ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربال پشتبەستووە بەو بنەمایانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێی دا، بۆ سەلماندنی ئەوەش هەوڵ دەدەین لێرەبەدوا پووختەیەك لەبارەی هەریەك لە ڕۆمانەکانی سنووری توێژینەوەکە بخەینەڕوو.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە خوێندنەوەی ڕۆمانەکان، بەپێی ساڵی ئەو چاپانەی لەبەردەستی ئێمەدان، لێرەدا ڕیزکراون.

## یەکەم/ ڕۆمانی ( پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین )

ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین)، لە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن (دەزگای ئاراس)ەوە چاپ کراوە و لە دووتوێی (١٣٥) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتی باس لە کێشە و گرفت و سەختیی ژیانی پەناهەندە دەکات لە دەرەوەی وڵات و دوور لە خاك و زێدی خۆی. ڕۆماننووس بە هۆی ئەوەی خۆی ماوەیەکی زۆر لە دوورەوڵاتی و لە غەریبییدا و لە ژینگەیەکی ئاوهادا ژیاوە، بۆیە دەبینین بابەتی پەناهەندە و کێشەکانی و سەختیی ژیانی پەناهەندەیی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕۆماننووس دەقەکەی بەسەر (٢١) بەشدا دابەش کردووە، هەر بەشێك بە ژمارە لەیەکتر جیاکراونەتەوە، ئەم تەکنیکەشی لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بەکارهێناوە.

لە ڕۆمانەکەدا دوو گێڕەرەوە بوونیان هەیە، گێڕەرەوەی یەکەم (مامۆستا فەرەیدون)ە، کە لەهەمان کاتدا کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەشە و ئەرکی گێڕانەوەی بەشەکانی (١، ٣، ٥، ٧، ٩، ١١، ١٣، ١٥، ١٧، ١٩)ی لە ئەستۆدایە، بە گێڕەرەوەی (هەمانشتزان) ناودەبرێت و بەشێك لە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی لە ڕێگەی ئەم بەشانەی ڕۆمانەکەوە دەگێڕێتەوە.

گێڕەرەوەی دووەم ئەرکی گێڕانەوەی بەشەکانی (٢، ٤، ٦، ٨، ١٠، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨، ٢٠)ی لە ئەستۆدایە، کە لەڕێگەی ئەم بەشانەوە بەسەرهاتی ژیانی (محەمەد)، کە کارەکتەرێکی سەرەکیی دیکەی ڕۆمانەکەیە دەگێڕێتەوە، جۆری گێڕەرەوەی دووەم بریتییە لە گێڕەرەوەی (هەمووشتزان) و خودی نووسەر خۆیەتی، کە ئەم بەشانە دەگێڕێتەوە.

بەم شێوەیە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە، دوو ڕێڕەوی گێڕانەوە بوونیان هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە بەشی (٢١)ە، کە چاوپێکەوتنی نووسەر (فەرهاد پیرباڵ) و (مامۆستا فەرەیدوون)ە. لێرەوە و لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە گێڕەرەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکە خودی فەرهاد پیرباڵە. بنیاتی ڕووداوەکانیش لەسەر بنەمای (هاوتەریب) داڕێژراونەتەوە.

ڕۆمانەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پیاوێکە بەناوی (مامۆستا فەرەیدون)، کە خەڵکی کوردستانە و مامۆستای (کیمیا) بووە لە شاری هەولێر. لە سەردەمی داگیرکردنی کوردستاندا بە هۆی خراپیی دۆخی ژیانەوە ڕوو دەکاتە دەرەوەی وڵات و لە شاری (مالمۆ)ی وڵاتی (سوید) نیشتەجێ دەبێت و ژیان بەسەردەبات. پاش چەند ساڵ دووریی لە خێزانەکەی دواجار ژنەکەی و دوو منداڵەکەی لە کوردستانەوە و لەڕێگاری قاچاخەوە بەرەو لای مامۆستا فەرەیدون بە ڕێ دەکەون، وا بڕیارە لەپێشدا بچنە لای محەمەدی ژنبرای لە وڵاتی ئەڵمانیا و دواتر لە ئەڵمانیاوە بەرەو وڵاتی سوید بچن. پاش ماوەیەك چارەنووسی (تانیا و سەما و سەمیان) واتە ژن و منداڵەکانی مامۆستا فەرەیدون، ون دەبێ و دەردەکەوێ، کە لای محەمەد نین، ئەمەش مامۆستا فەرەیدون دەخاتە دۆخێکی دەروونیی زۆر ئاڵۆزەوە و گەڕان بەدوای خێزانەکەیدا دەبێت بە پیشە و خەمی هەرە گەورەی، هەربۆیە پاش ئەم ڕووداوە تەواوی ڕۆمانەکە دەبێت بە بەسەرهاتی گەڕانی مامۆستا فەرەیدون بە شوێن خێزانەکەیدا و لەم ڕێگەیەشدا کێشە و ئازار و ناڕەحەتیی زۆری ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

چارەنووسی خێزانەکەی فەرەیدون هەر بە نادیاری دەمێنێتەوە تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، پاش ئەوەی نووسەر و مامۆستا فەرەیدون چاویان بە یەك دەکەوێت، لە گفتوگۆی نێوانیاندا بۆمان دەردەکەوێ، کە دوای ئەوەی مامۆستا فەرەیدوون خێزانەکەی دەدۆزێتەوە و ماوەیەك پێکەوە دەژین، ڕۆژێك تانیا داوای جیابوونەوە لە فەرەیدون دەکات و لێی جیا دەبێتەوە، ماوەیەك دواتر هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاویکی بە ڕەگەز سویدیدا دەکات.

دیارە لە ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێك قاچاخچی بوونیان هەیە و بە شێوازێکی جیاواز نیشان دراون و لە کارەکتەرەکانی دیکەی ڕۆمانەکە جیاکراونەتەوە، ئەویش شێوازی جلوبەرگەکەیانە، کە (شەپقەی ڕەش و پاڵتۆی ڕەش و پێڵاوی شین)یان پۆشیوە. جا کاتێك نووسەر لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا و دوای ئەوەی چاوی بە مامۆستا فەرەیدون دەکەوێت و وەسفی دیمەنیمان بۆ دەکات بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە مامۆستا فەرەیدونیش بە هۆی ئەو هەموو ڕووداو و ناڕەحەتییەی کە چەشتوویەتی، بووە بە یەکێك لە ئەندامانی ئەو گرووپ و باندە قاچاخچییانەی چارەنووسی ئەمیان بەوە گەیاندووە!

ئەم قسەیەشمان لە پەرەگرافێکی ناو ڕۆمانەکەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تیایدا ڕۆماننووس بەم شێوەیە وەسفی دیمەنی مامۆستا فەرەیدون دەکات و دەڵێت: ((کاتێ مامۆستا فەرەیدونم بەجێ هێشت و بەتەواوەتی لێی دوور کەوتمەوە، لەناو شەمەندەفەرەکەدا، سەرلەنوێ دیمەنی مامۆستا فەرەیدون هاتەوە پێش چاوم: شەپقەیەکی ڕەش و پاڵتۆیەکی ڕەش و پێڵاوێکی شینی پۆشیبوو، غەریب غەریب، خواحافیزیی لە ڕۆژانی ڕابردووی خۆی دەکرد.. پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین، بەسەر ئەم شەقامە ئاوارەیەی ئەورووپاوە، دەمدیت: هەنگاوەکانی ئاوڕیان لە ڕابردوو دەدایەوە و هۆن هۆن دەگریان...))(**پیربال، ٢٠٠٣، ١٣٥**)

## دووەم/ ڕۆمانی ( منداڵبـــاز )

(منداڵباز) ڕۆمانێکی دیکەی (فەرهاد پیربال)ە، تائێستا دووجار چاپ کراوەتەوە. چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن (ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی)یەوە، لە دووتوێی (١١٩) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، چاپی دووەمیش هەمدیسان لەلایەن ماڵی شەرەفخانی بەتلیسییەوە بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی گشتیی باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەتایبەت ئەو کێشە ئەخلاقییانەی کە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەن و دەرئەنجامەکەشی منداڵ و مێردمنداڵان دەبن بە قوربانیی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە.

شوێن لە ڕۆمانەکەدا شاری (هەولێر)ە، سەردەمی ڕووداوەکانیش نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٠)یە، کە ئەوکات کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا بووە. گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەلایەن گێڕەرەوەی (هەمووشتزان)ەوەیە. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا بریتییە لە بنیاتی (تێکچڕژاو). ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا تەکنیکێکی ئاڵۆزی بەکارهێناوە و زنجیرەی ڕووداوەکانی شێواندووە، هەر بۆیە پێویستی بە خوێنەری وریایە، گەرنا پرۆسەی خوێندنەوە جۆرە شێواوییەك بەخۆیەوە دەبینێت. هەڵبەت ئەمەش بۆ لێهاتوویی ڕۆماننووس دەگەڕێتەوە لە داهێنانی تەکنیکی نوێ و جیاواز و پراکتیزەکردنیان لە بەرهەمەکانیدا. ئەگەرچی لە چاپی دووەمی ڕۆمانەکەدا هەندێ گۆڕانکاریی تێدا کراوە، بە باری ئەوەی کە ئاڵۆزییەکەی کەم کراوەتەوە... هەڵبەت ئێمە

لەگەڵ ئەم جۆرە دەستکاریکردنەدا نین، بەڵام ئەمە بابەتی باسەکەی ئێمە نییە، بۆیە لێرەدا تاوتوێی ناکەین.

بەسەرهاتی ڕۆمانەکە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە بۆ ڕووداوی دەستدرێژیکردنە سەر منداڵێکی کوڕی تەمەن (١٥) ساڵ بەناوی (یووسف)، کە ڕووداوەکە پێش دەستپێکردنی ڕۆمانەکە ڕووی داوە و لە ڕۆمانەکەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ لەلایەن پۆلیسەوە، بۆیە دەکرێ ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی پۆلیسی-یش ناوببەین.

لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا خوێنەر وا هەست دەکات، کە ئەو منداڵەی دەستدرێژیی کراوەتە سەر یووسفە، بەڵام لە کۆتاییەکانی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێ ئەو منداڵە یووسف نییە، بەڵکوو منداڵێکی دیکەیە. ئەوەی وادەکات گومان لە یووسف بکرێ ئەوەیە، کە لە هەمان ڕۆژی ڕووداوەکەدا یووسف دیارنامێنێ و چارەنووسی ون دەبێ، کە دواتر دەردەکەوێ لەلایەن دەزگای ئەمنی ڕژێمی بەعسەوە و بە تاوانی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی شۆڕشگێڕیی و پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پێشمەرگەوە بێسەروشوێن دەکرێ و تا کۆتایی ڕۆمانەکەش چارەنووسی هەر بەنادیاریی دەمێنێتەوە.

تەواوی ئەو ڕووداوە دەستدرێژیيانەی باس کراون و ئاماژەیان پێ کراوە، ڕووداوی دەستدرێژییە بۆسەر منداڵی کوڕ لەلایەن کۆمەڵێك پیاوی منداڵبازەوە. لێرەدا ڕۆماننووس باس لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە تێکەڵ نەبوون و نەهاتنە دەرەوەی کچان و ژنان و دابڕانیانە لە دنیای پیاوان، هەر ئەمەش بە هۆکاری دروستبوونی دیاردەی دەستدرێژیکردن بۆ سەر مێردمنداڵی کوڕ لەلایەن پیاوانەوە دادەنێت، ئەمەشی لە گفتوگۆیەکی نێوان (مام قادری قەیماغفرۆش) و (دکتۆر زەکەریای کوڕی ئەحمەد ئاغای دۆغرمەچی)دا، لە ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە خستۆتەڕوو:

- خەڵکی هەولێر، کەس کچ و خوشك و ژنی خۆی ناهێنێتە دەرەوە. ئیدی پیاو لەم شارەدا ناچار دەبێ عاشقی هاوجنسی خۆی بێ.
- استغفرالله... یەعنی چۆن، دختۆر؟
- تۆ ئەمسەر تا ئەوسەری بازاڕی هەولێر تەی دەکەی، ژنێك یان کچێك نابینی.
- ئێ..!؟
- ئەم شارە گەورەیە پیاوێکی تێدا نیە... کە ژنەکەی خۆی یان کچەکەی خۆی بنێرێتە دەرەوە یان هیچ نەبێ لەگەڵ خۆی بیانهێنێتە دەرەوە.

- ئنجا ئەمە پەیوەندیی بە منداڵبازییەوە چییە؟
- ئەم بەزمەی منداڵبازی، لە هەولێر، دەرەنجامی ئەم دابڕانەی جنسی نێر و مێیە لە یەکتری.
- چۆن؟
- کچ و کوڕ ئەگەر هەر لە منداڵییەوە بتوانن یەکتر ببینن و چاویان بە یەکتر بکەوێ، یان هیچ نەبێ لە تەمەنی هەرزەکارییەوە بتوانن یەکتر بناسن، ئەوا کەڵکەڵە و هەوەس و ئارەزووی پیاو هیچ نەبێ کەمێك دادەمرکێتەوە و لە هەمات کاتدا پیاو ئەو کاتە باش باش لەوە تێ دەگات، کە کچ بە مەخلوقێکی جوانتر و شایستەتر بۆ خۆشەویستی بزانێت، لەچاو کوڕ.(**پیربال، ٢٠٠٣، ٢٠- ٢١**)

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین سەرجەم ئەو منداڵبازانەی لە ڕۆمانەکەدا هەن، یان پیاوی بەعسن، یان کەسوکاریان لەناو دامودەزگاکانی بەعسدا کاربەدەستن و پەیوەندییان لەگەڵ بەعسدا هەیە، هەربۆیە لەدوای ئەنجامدانی هەر کارێکی لەو شێوەیە و دەستگیرکردنیان، پاش ماوەیەکی کەم ئازاد دەکرێن. بەمەش ڕۆماننووس ڤیزەونیی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسمان نیشان دەدات، کە چۆن بەرانبەر بەو کارە نەشیاوانەی کە دەرهەق بە منداڵی کورد دەکرا، بێدەنگ بووە و لە تاوانباران خۆش بووە، هەروەها ڕژێم خۆشی دەستی لەم کارەدا هەبووە.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین: نووسینی ئەم ڕۆمانە لەلایەن فەرهاد پیربالەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووس بەشێك لە منداڵیی خۆی لەناو ژینگە و ڕووداوگەلێکی لەو شێوەیەدا بەسەر بردووە، هەر ئەمەش کاری لێ کردووە تا ئەم ڕۆمانە بەم چەشنە بنووسێ.

## سێیەم/ ڕۆمانی ( سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا )

ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) لەنێوان ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩١) لە پاریس نووسراوە و تائێستا دوو جار چاپ کراوەتەوە. چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٢) لەلایەن (دەزگای ئاراس) و پاشان لە ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن (ماڵی وەفایی)یەوە چاپی دووەمی لە دووتوێی بەرگێکی قەبارە مامناوەندیی (١٢٧) لاپەڕەییدا بڵاوکراوەتەوە. دەقی ڕۆمانە لە (١٥) بەش

پێك هاتووە و هەریەك لەم بەشانە بە ژمارە لەیەكتر جیاكراونەتەوە، لە هەمووشیاندا (دارا)، كە كارەكتەری سەرەكیی ڕۆمانەكەیە، گێڕانەوەی ڕووداوەكانی لەئەستۆدایە و گێڕەرەوەی سەرەكیی و هەمانشتزانی ڕۆمانەكەیە.

ڕۆمانەكە بەسەرهاتی ژیانی كوڕێكە بە ناوی (دارا)، كە شێوەكارێكی كوردی دانیشتووی شاری هەڵەبجەیە و بە هۆی بارودۆخی سەختی ژیان لە كوردستان و داگیركردنی كوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، كوردستان بەجێ دەهێڵێت و لەسەرەتادا ڕوودەكاتە وڵاتی ئێران و لەپاشان ڕوو لە ئەرووپا دەكات و دواجار لە وڵاتی فەڕەنسا نیشتەجێ دەبێت.

ڕووداوەكانی ڕۆمانەكە زۆرن و لەهەمان كاتدا ئاڵۆزیشن، دەتوانین بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەكەدا بە بنیاتی (تێهەڵكێش) ناوبەرین. دارا پاش بیستنی هەواڵی لەدەستدانی خێزانەكەی لە ڕووداوی كیمیابارانی هەڵەبجەدا، لەڕووی دەروونییەوە تێك دەشكێت و ژیانێكی گۆشەگیر هەڵدەبژێرێت و تێكەڵ بە كەس نابێت، هەربۆیە لەلایەن هاوڕێكانییەوە هەوڵ بۆ هێنانە دەرەوەی دەدرێت لەو دۆخە دەروونی و جیهانە گۆشەگیرییەی تێیدا دەژی، بەو مەبەستە بانگێشتی ئاهەنگێك دەكرێت و لەوێ چاوی بە كچێك دەكەوێت بە ناوی (ڤینۆس) و عاشقی دەبێت.

ڤینۆس، وەك لە ڕۆمانەكەدا وەسف كراوە، كچێكی زۆر جوان و سەرنجڕاكێشە و خەڵكی شاری (سانتیاگۆ)ی وڵاتی ئیسپانیایە. شەوی ئاهەنگەكە لەگەڵ دارا پێكەوە، كاتێكی زۆر بەسەر دەبەن، بەڵام دارا بە هۆی خواردنەوەی زۆری مادەی كهولییەوە ئاگای لە خۆی نامێنێ و پاش ئەوەی بەیانی لە خەو هەڵدەستێ، دەبینێ ئەوەی لە ڤینۆسەوە بۆی بەجێماوە تەنها پارچەیەك كاغەزە، كە ناونیشانی ماڵی ڤینۆسی تێدا نووسراوە. دواتر دارا بڕیار دەدات بچێتە شاری سانتیاگۆ و ڤینۆس بدۆزێتەوە و دواتر پێكەوە لەوێ بژین. لێرە بەدواوە ڕووداو و بەسەرهاتەكانی ڕۆمانەكە دەست پێ دەكات و بەتەواوی ئاڵۆز دەبێت.

پاش چوونە شاری سانتیاگۆ و پرسینی ناونیشانی ماڵی ڤینۆس لە خەڵكی ئەو شارە، كەس ئەو ناونیشانە پێ نازانێ، دوای چەند ڕۆژێك مانەوە لەو شارە بە هۆی دیمەن و شێوازی خانوو و گەڕەكەكەیانەوە، كە ڤینۆس بۆی باس كردبوو، دواجار دارا ماڵی ڤینۆس دەدۆزێتەوە. كە لە دەرگای ماڵەكە دەدات پیرەژنێكی ڕەشپۆش دەرگای لێ دەكاتەوە، كە هەواڵی ڤینۆسی لێ دەپرسێ دەڵێ، ڤینۆسی لێرە نییە و بەگریانەوە هاواری بەسەردا دەكات

و دەڵێ، پاش ئەو هەموو ساڵە دەتەوێ هێمان چاوەڕێت بكات! لەپاش ئەمە و چەند جارێك سەردانكردنەوەی ماڵی ڤینۆس، لەلایەن ئەو كەسانەی كە قسەیان لەگەڵ دەكات، گوێبیستی قسەگەلێك دەبێ دەربارەی ڤینۆس و پیرەژنەكە و ئەو خانووەی كە گوایە ماڵی ڤینۆسە، كە هەموویان دەچنەوە سەر ئەوەی كە ڤینۆس جگە لە وەهمێك هیچی تر نییە. بۆیە پاش تەواوكردنی ئەم ڕۆمانە ڕەنگە هەموو خوێنەرێك ئەو پرسیارە لە خۆی بكات، كە ئایا ڤینۆس وەهمێك بووە و دارا دروستی كردووە، یان هەر بەڕاستی بوونی هەبووە؟

سەرئەنجام ڕۆمانەكە بەو دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی دارا، كە نزیكە لە شێتبوون كۆتایی دێت. ئەوەی جێگای سەرنجە قسەی یەكێك لە كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمانەكەیە بە ناوی (شازاد)، كە شاعیرە و یەكێكە لە هاوڕێكانی دارا، كاتێك هەواڵی ڕۆیشتنی دارا بۆ ئیسپانیا بڵاودەبێتەوە لەناو هاوڕێكانیدا، شازاد دەڵێ، دارا بەدوای جوانیدا دەگەڕێ.

هەروەها ڕۆمانەكە بە وتەیەكی (مەدام مێلاگا) كۆتایی دێت، كە جادووگەرێكە و دارا بۆ خوێندنەوەی بەختی دەچێتە لای و پێی دەڵێ: ((كوڕی خۆم... تۆ گەلێك وڵاتانی دیكەی ئەم ئەورووپایە تەی دەكەی، گەلێك شار و ڕێگەوبانی دیكەش پەی دەكەی. لەو ڕێگەوبانە ئاوارەیەی عەوداڵبوونی خۆتدا، هیچ دوور نییە ڕۆژێك (پێش دڕانی پێڵاوەكانت) بە حەسرەتی (ڤینۆس) سەربنێیتەوە... ئەمەش چارەنووسی هەموو هونەرمەندێكە.))**(پیربال، ٢٠١٧، ٨٣)**

هەڵبەتە ڤینۆس، لەپاڵ ئەوەی كە ناوی جوانترین و درەوشاوەترین هەسارەیە، هاوكات خواوەندی جوانیی بووە لای ڕۆمانییەكان، كە لای یۆنانییەكان دەبێت بە (ئەفرۆدێت)**(دەروانرێتە: كورتل، ٢٠١٠، ١٦٥ هەروەها: سلامە، دون، ٤١)** هەربۆیە لێرەشدا ڕۆماننووس وەك ڕەمزێك بۆ جوانیی بەكاری هێناوە و ڕەنگە بیەوێ بڵێ، تاوەكوو زەمەن بەرەوپێش بچێ جوانییەكان كەم دەبنەوە و ناشیرینی و دزێوییەكان زیاتر دەبن واتە جوانییەكان لەناو دەچن و ناشیرینیی جێگەیان دەگرنەوە. یاخود دەیەوێ بڵێ: جوانی وەهمێكە و گەڕان بەشوێنیدا شێتییە! خۆ لەوانەشە ئەم ڕۆمانە مەبەستێكی هەڵگرتبێ جگە لە ڕۆماننووس كەس پەی پێ نەبات، چونكە فەرهاد پیربال یەكێكە لەو نووسەرە ئاڵۆزانەی بەڕاستی تێگەیشتنی ئاسان نییە.

**چوارەم/ ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)**

(قەبرێکی سێگۆشە)، کە تائێستا دوا ڕۆمانی (فەرهاد پیرباڵ)ە، لە ساڵی (٢٠١٩) لەلایەن (چاپخانەی شەهاب)ەوە لە شاری (هەولێر) چاپی یەکەمی لە دووتوێی (٣٠٩) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، پاشان لە ساڵی (٢٠٢٠) چاپی دووەمی لەلایەن (خانەی کولتوور)ەوە بڵاوکرایەوە.

ئەو کاتەی نووسەر لە ساڵی (٢٠١٨) دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە، لەوێ لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/٤/١١) دەست بە نووسینی ئەم ڕۆمانە دەکات و لە (٢٠١٨/٧/٧) تەواوی دەکات، دواتر چاپی یەکەمی دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.

تەوەری سەرەکیی ڕۆمانەکە باسێکی مێژوویی سیاسییە، لە چوارچێوەی کوردستانی گەورەدا. پێکهاتەی گشتیی دەقەکە (١٣) بەش لەخۆدەگرێت و هەر بەشێك بە ژمارە لەیەکتر جیاکراونەتەوە. ئەم بەشانەش هەموویان لەلایەن کارەکتەری سەرەکییەوە، کە ناوی (فەرەیدون)ەوە دەگێڕدرێنەوە، بەڵام لە دوو کاتی جیادا. یەکەمیان ئەو کاتەیە، کە فەرهاد لە ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە و ئەوێ بەجێ دەهێڵێت و ڕووداوەکانی دەرەوەی ئەشکەوتەکە دەگێڕێتەوە، دووەمیش ئەو کاتەیە، کە دەستگیرکراوە و لە زینداندایە و بەسەرهاتەمانی ناو زیندانمان بۆ دەگێڕێتەوە. هەربۆیە دەتوانین ئەم ڕۆمانە بە ڕۆمانێکی (تاکدەنگی) و چیرۆکخوانی ڕۆمانەکەش بە (هەمانشتزان) ناوببەین.

سەبارەت بە بنیاتی ڕووداویش لە ڕۆمانەکەدا، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەدا کۆمەڵێك ڕووداوی مێژوویی دەگێڕدرێتەوە، هەربۆیە بنیاتی ڕووداو بریتییە لە بنیاتی (تێهەڵکێش).

ڕۆمانی قەبرێکی سێگۆشە، بەسەرهاتی کوڕێکە بەناوی (فەرەیدوون)، کە لە تەمەنی (١٤)ساڵییەوە باوکی لێ ون بووە و دوای (١٥) ساڵ لە ونبوون و بێسەروشوێنبوونی باوکی، کەڵکەڵەی گەڕان بە شوێن باوکیدا دەکەوێتە سەری، بەبێ ئەوەی بزانێ ئاخۆ باوکی ماوە یان مردووە!

فەرەیدوون لەسەرەتادا لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێك لەناو ئەشکەوتێکدا پێکەوە دەژین، کە نازانرێ ژمارەیان چەندە، بەڵام کۆمەڵێك گەنجن، کە لە وڵاتی جیاوازەوە (عێراق، ئێران، سووریا، تورکیا، ڕووسیا و ئیسپانیا...) ڕوویان لە ئەشکەوتەکە کردبوو.

ئەو کەسانەی ناو ئەشکەوتەکە -کە لە ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە- بریتین لە (ئیبراهیم، ئەسفەندیار، یەڵماز، ناسر شەیدا، یونس و شەهرام)، دیارە کەسی دیکەش هەن، بەڵام ئاماژە بە ناویان نەکراوە.

فەرەیدون دوای ئەوەی شەوێك خەونێکی ناخۆش بە باوکییەوە دەبینێت، هەر زوو بڕیاری چوونە دەرەوە لە ئەشکەوتەکە و گەڕان بە شوێن چارەنووسی باوکیدا دەدات. دیارە لەناو ئەشکەوتەکەدا کۆمەڵێك ئاسەوار و شمەکی بەنرخ و گرانبەها بوونیان هەیە، کە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بەهایەکی زۆر و نرخێکی گرانیان هەیە. هەربۆیە ئەوکاتەی فەرەیدون ئامادەکاری بۆ چوونە دەرەوە دەکات، لەلایەن هاوەڵەکانییەوە کۆمەڵێك پارچەی بەنرخی پێ دەدرێت، تاوەکوو لە دەرەوە بیانفرۆشێتەوە و سوود لە پارەکەی وەربگرێ.

فەرەیدون لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا بە کۆمەڵێك کەس ئاشنا دەبێت، کە بریتین لە (ڕەندان، ئیبۆ، خەجێ، مەندۆ، ڕەجەب، شەهلا و سەیدۆ)، لەگەڵیان دەبێتە هاوڕێ. لێرەوە فەرەیدون عاشقی کچێك دەبێت بە ناوی (ڕەندان)، کە لەگەڵ شەهلای هاوڕێیدا پەیوەندییان بە پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)ەوە هەیە، دواتر بۆی دەردەکەوێ، ڕەندان خوێندکاری باوکی -واتە مامۆستا فەرەیدون- بووە و لە زانکۆی ئارتووگڵو لە شاری مێردین دەرسی فەلسەفەی پێ داونەتەوە.

لێرەوە فەرەیدون تەواو سەرسام دەبێت و بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە ئاڵۆزتر دەبن، تا لەکۆتاییدا بە تاوانی قاچاخچێتی لەلایەن پۆلیس و قەرەوڵی تورکەوە دەستگیر دەکرێت و دەخرێتە زیندانەوە.

ڕۆمانەکە بەدەر نییە لە ڕەمز، بەوپێیەی ڕۆماننووس مەبەستە سەرەکییەکەی لە چەند ڕەمزێکدا شاردووەتەوە، ئەگەر لە ناونیشانەکەیەوە دەست پێ بکەین ئەوا کۆمەڵێك واتای جیاواز لەخۆدەگرێت و بریتین لە:**(نامەی ئەلیکترۆنی، ٢٠٢٠، ١١:٠٢ش)**

- ڕووداوەکان لەسەر سنووری سێگۆشەی ئێران- عێراق- تورکیا ڕوودەدەن.
- ڕەمزە بۆ خودای فرێدریك نیتشە، کە دەڵێ خودا مردووە.
- ڕەمزە بۆ سێگۆشەی پەیوەندیی نێوان خودا- پیاو- ژن.
- لەڕووی سیاسیشەوە ڕەمزە بۆ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)، کە کوردی باکوور بە باوکی خۆیانی دەزانن، بەڵام ئەمڕۆ لە جەزیرەیەك زیندانە و مردووحسێبە.

دیسانەوە لە ناوەڕۆکیشدا ڕەمزکاریی بەرچاو دەکەوێت، بەشێوەیەکی ئەوتۆ کۆمەڵێك ڕەمزی بەکارهێناوە، کە دەبنە جێی سەرنجی خوێنەر، بۆنموونە ئەو باوکەی کە فەرەیدون بەدوایدا دەگەڕێت کێیە؟ دەتوانین ئەم پرسیارەش بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە:**(نامەی ئەلیکترۆنی، ٢٠٢٠، ٧:٤٩ش)**

- لە ئاستی فەلسەفیدا خودایە.
- لە ئاستی ڕەمزیدا حەقیقەتە.
- لە ئاستی سیاسیشدا ئەو پاڵەوانەیە، کە لەپێناو یەکخستنی خودا و دامەزراندنی دادپەروەریی و ئازادکردنی کوردستاندا خەبات دەکات.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین: بیرۆکەی نووسینی ئەم ڕۆمانە دەڤئاوێزانی ناڕاستەوخۆی چیرۆکی (یارانی ئەشکەوت)ە، کە ڕۆماننووس لەڕێگەیەوە دەیەوێ پێمان بڵێت: ئێمە لە ناوەڕاستی دنیادان و پێویستە لە ئەشکەوتی خۆمان بێینە دەرێ و واقیع بگۆڕین.

## پێنجەم/ ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)

ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش) ڕۆمانێکی دیکەی (فەرهاد پیربال)ە، تائێستا سێ جار چاپ کراوەتەوە و کۆتا جار و چاپی سێیەمی لە ساڵی (٢٠١٩) لە دووتوێی (١٣٣) لاپەڕەدا لەلایەن (بنکەی گەلاوێژ)ەوە بڵاوکرایەوە.

ڕۆمانەکە باس لە بەسەرهاتی ژنێك دەکات بە ناوی (ئەختەر)، کە لەڕێگەی گێڕەرەوەی (هەمووشتزان)ەوە بەسەرهاتەکانیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەرچەندە هەندێ جار لە هەندێ شوێنی ڕۆمانەکەدا کارەکتەرەکان بەدەنگ دێن و باس لە ڕووداوەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی هەیە زیاتر دەسەڵاتی گێڕەرەوەی هەمووشتزان زاڵە بەسەر ڕۆمانەکەدا. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکەدا بریتییە لە بنیاتێکی (هاوسەنگ)، چونکە ڕووداوەکان لە چەند کاتێکی یەکساندا ڕوویان داوە و دەگێڕدرێنەوە.

ئەختەر کە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەژی، لەگەڵ دوو پیاودا پەیوەندیی هەیە، کە هەریەك لە (جوامێر) و (مولازم تەحسین)ە. جوامێر پێشمەرگەیە و لە شاخ دەژی، مولازم تەحسینیش پیاوی ئەمنە و لەگەڵ ڕژێمی بەعسدایە. ئەختەر پاش ئەوەی لەلایەن

**ئەم دوو پیاوەوە دەکرێ بە ژن و پەیوەندییان بەردەوام دەبێ، بەردەوام لە گومان و دڵەڕاوکێدایە، لەبەر ئەوەی نازانێ ئاخۆ لەم دوو پیاوە کامیان بەڕاستی خۆشیان دەوێ. ئەختەر وەك لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێ دراوە، خۆشەویستییەکی زۆری بۆ جوامێر هەیە و بەردەوام داوای ئەوەی لێ دەکات، کە بیخوازێ و پێکەوە وەك ژن و مێردێك درێژە بە ژیان و کارە سیاسییەکانیان بدەن، چونکە ئەختەر یارمەتیدەرێکی باشی جوامێرە لە کارە سیاسییەکانی تایبەت بە حیزب، بەڵام جوامێر هەرجارە و بە بیانوویەك ئەم داوایەی ئەختەر ڕەت دەکاتەوە و ئەمەش زۆرجار ئەختەر دەخاتە ناو گومان و پرسیارگەلی زۆرەوە، کە لە دەقی ڕۆمانەکەدا لە ڕێگای مەنەلۆگ و خۆدواندنەوە ئەم گومان و پرسیارانەی ئەختەر خراونەتەڕوو.**

**لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا و تا ئەو شوێنەی بە پلانێك جوامێر دەکوژرێ، مولازم تەحسین وەك کەسێکی ڕاستگۆ و نیازپاك دەبینرێ، وا دەردەکەوێ کە ئەوەی بەڕاستی ئەختەری خۆش دەوێ و ڕاستگۆیە لەگەڵیدا مولازم تەحسینە و جوامێر تەنها بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی ئەختەر بەکار دەهێنێ، کە ئەمەش ئەو پرسیارە لای خوێنەر دروست دەکات، کە ئایا دەکرێ پێشمەرگەیەك ئافرەتێکی هاوزمان و هاوڵاتی خۆی بەو شێوە ناشیرینە بەکاربهێنێ بۆ گەشتن بە مەرامەکانی خۆی، بەڵام بەعسییەکی عەرەبی دژە کورد، ڕاستگۆ و نیازپاك بێت بەرانبەری؟! بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەگەین بە وەڵامی ئەم پرسیارە و ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ، کە هەریەك لە جوامێر و تەحسین، تەنها بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی خۆیان ئەختەر بەکار دەهێنن و ڕووی ڕاستەقینەی مولازم تەحسین ئاشکرا دەبێت، ئەوکاتەی بە پلانێك و لەڕێگای خەڵەتاندنی ئەختەرەوە، جوامێر دەکوژێت و دواتر سەری دەبڕێت.**

**ئەو تەکنیك و بابەتانەی فەرهاد پیربالْ لە بەرهەمەکانیدا بەکاری دەهێنێت، زۆرجار مشتومڕ و ناڕەزایی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. ئەم ڕۆمانەشی پاش ماوەیەك لە بڵاوبوونەوەی ناڕەزایی (یەکێتیی ژنانی کوردستان)ی بەدوای خۆیدا هێنا و هەرایەکی زۆری نایەوە، گوایە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا بێڕێزیی بەرانبەر بە ژنی کورد و پێشمەرگە کردووە و کێشەکە دەبرێتە دادگا. لەبارەی ئەو هەرایەشەوە کە دەربارەی ڕۆمانەکە دروست کرا، سکرتێری ئەوکاتەی (ی.ن.ك) (جەلال تاڵەبانی) لە وتارێکیدا، کە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: ((ماوەیەك لەمەوبەر هەڤاڵ مەلا بەختیار ئاگاداری کردم، کە بەپێچەوانەی نەریت و سیاسەتی (ی.ن.ك) هەڵەیەك لەسەر**

بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژی نوێ دروست کراوە، سەبارەت بە چاپکردنی نۆڤلێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش)، کە لەلایەن فەرهاد پیربالّەوە نووسراوە. بەوەش نەوەستاون، بەڵکوو شکاتیان بردۆتە بەردەم دادگا و هەڕەشەش لە قەدەغەکردنی هاتوچۆی د.فەرهاد پیربالّ دەکرێت. بۆیە منیش دەستبەجێ لەو دەزگەیەی (هـ.پ.ك) گرت، کە ئەو بەزمەی ناوەتەوە. داوام کرد داواکەیان لە دادگا وەربگرنەوە و ڕێز و تەقدیریش هەروەك جاران بۆ بنکەی گەلاوێژی نوێ بپارێزن و د.فەرهاد پیربالّیش بەڕێز و تەقدیرەوە پێشوازیی لێ بکەن و بەگەرمی بەخێری بهێنن. خۆ ئەگەر گللەیی و گازاندەیەکیشیان لە نووسینەکەی هەیە، ئەوا با بە نووسین وەڵامی بدەنەوە و چی بە ڕاست و ڕەوان دەزانن، پیشانی بدەن! بۆچی ئەم جارەش هاتمە کایەوە؟ چونکە وام هەست کرد، کە خەریکە دروشمی نان و ئازادیی بۆ نووسەران و هونەرمەندان کاڵ دەبێتەوە. دەبا لە گوڵزاری کوردستاندا دەیان گوڵ بپشکوێن.))**(تاڵەبانی، ٢٠٠١، ١)**

## شەشەم/ ڕۆمانی ( هۆتێل ئەورووپا ) *

(هۆتێل ئەورووپا) ڕۆمانێکی دیکەی (فەرهاد پیربالّ)ە، تا ئێستا سێ جار چاپ کراوەتەوە. چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠١٠) لەلایەن (دەزگای ئاراس) بڵاوکراوەتەوە، پاشان چاپی دووەمی لە ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن (ماڵی وەفایی) و کۆتا جاریش لەلایەن (خانەی کولتوور)ەوە لە ساڵی (٢٠٢٠) لە دووتوێی بەرگێکی (٢٠٨) لاپەڕەییدا بڵاوکراوەتەوە.

پێکهاتەی گشتیی ڕۆمانەکە بەسەر (٣٠) بەشدا دابەش کراوە و هەر بەشێك و بە ناونیشانێك لە بەشی دواتر جیاکراوەتەوە. هەریەك لەم ناونیشانانەش مەبەستێکیان لەپشتەوەیە و لەرێگەیانەوە خوێنەر دەچێتە ناو گێڕانەوەی گشتیی ڕۆمانەکە و لە مەبەستی گشتیی و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە تێ دەگات. واتە ئەم ناونیشانانە کلیلی چوونە ژوورەوەی خوێنەرن بۆ ناو مەبەستی گشتیی ڕۆمانەکە و تێگەیشتن لێی.

* بەپێی ڕاپرسییەکی (دەزگای خەندان) کاتی خۆی ئەم ڕۆمانە، یەکێك بووە لە پڕفرۆشترین کتێبەکان. دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین، کە بە هۆی ئەو باسانەی لەبارەی مەلا ئێرانییەکەوە هەیە لەم ڕۆمانەدا، بۆیە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لە وڵاتی ئێران قەدەغە کراوە. (بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: کەناڵی (یـەڵا) لە یوتیوب: https://www.youtube.com/watch?v=7TFK-hIYLYw

بەسەرهات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لەڕێگەی (فەرهاد)ەوە، کە کارەکتەری سەرەکی و لەهەمان کاتدا گێڕەرەوەی (هەمانشتزان)ی ڕۆمانەکەیە دەگێڕدرێنەوە. ڕووداوەکانیش لەسەر بنەمای بنیاتێکی (تێهەڵکیش) دارێژراونەتەوە، چونکە لەگەڵ گێڕانەوەی بەسەرهاتی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەدا، هاوکات کۆمەڵێك ڕووداو و بەسەرهاتی دیکە دەگێڕدرێتەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زنجیرەی بەدواییەکداهاتنی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان لەڕووی کاتەوە.

کارەکتەرە سەرەکییە بەشدارەکانی ناو ڕۆمانەکە بریتین لە (فەرهاد)، کە وێنەکێشێکی کوردە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە خودی نووسەر خۆیەتی. (مسیۆ لووسیانا)، کە جوولەکەیەکی بە ڕەگەز پورتوگالییە و هاوڕێی نزیکی فەرهادە. (محەمەدی حاجی زادە)، کە مەلایەکی شیعە مەزهەبی ئێرانییە و پەناهەندەیە لە وڵاتی فەڕەنسا، ئەمیش دیسان هاوڕێی فەرهادە. دیارە کۆمەڵێك کارەکتەری دیکەی بەشدار لە ڕۆمانەکەدا هەن، کە ڕۆڵی لاوەکییان هەیە و بریتین لە: (مەدام گالاتی، ساقی گوڵچین، ڕوئیا خانم، مورتەزای گوڵچین، فەڕەحناز خانم، ئەرشەدی قازی، هومەیلا و هەژار... هتد).

ژیانی پەناهەندەیی و جیاوازیی نێوان کلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بابەتی ڕۆمانەکەی پێك هێناوە، ئەمەش لەڕێگەی بەراوردی نێوان ئەو دوو جیهانە و ململانێکانی نێوانیانەوە خراوەتە ڕوو، لەمەشدا ڕۆماننووس هەریەك لە کارەکتەری (مسیۆ لوسیانا) و (محەمەد حاجی زادە)ی وەك نموونەی سەر بە هەریەك لەو دوو کلتور و سەرزەمینە جیاوازە هەڵبژاردووە.

محەمەدی حاجی زادە مەلایەکی شیعە مەزهەبی ئێرانییە و بە هۆی وەستانەوەی دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران (خەلعی لیباس) کراوە. خەلعی لیباس واتە جلوبەرگی مەلایەتی لێ دەسێنرێتەوە و چیتر شەرەفی لەسەرنانی عەمامەی مەلایەتی نامێنێ و دووردەخرێتەوە. هەربۆیە بەم هۆکارە وڵاتی ئێران بەجێ دەهێڵێ و ڕوو لە ڕۆژئاوا دەکات.

پاشان بەئومێدی وەرگرتنی ئیقامەی فەڕەنسی لە وڵاتی فەڕەنسا نیشتەجێ دەبێت، بەڵام هەموو جارێك داواکارییەکەی لەلایەن پۆلیسەوە ڕەت دەکرێتەوە و مافی نیشتەجێبوونی پێ نادرێ. لەبەر ئەم هۆیەش بێ ئیشوکار دەمێنێتەوە و بەردەوام بەدوای

کاردا دەگەڕێت و دەستی ناکەوێت، ئەوەی هەیەتی تەنها ئەو مووچە کەمەیە، کە لە قاپشۆریی چێشتخانەیەکدا و بەبێ مۆڵەتی پۆلیس دەستی دەکەوێت. پاش ماوەیەك ژیانگوزەراندن بەو شێوەیە محەمەدی حاجی زادە لەپێناو ڕزگاربوون لەو بارودۆخە سەختەی ژیانی و پەیداکردنی بژێویی خۆی، لەگەڵ پیاوێکی هۆمۆسێکسیوێلی فەڕەنسی بە ناوی (دونی) ڕێك دەکەوێت و دەبێتە هۆمۆسێکسوێل. بەمەش ماوەیەك لەو ژیانە سەختە ڕزگاری دەبێت، بەڵام زۆر نابات (دونی) دەمرێت و ژیانی کولەمەرگیی محەمەدی حاجی زادە دەست پێ دەکاتەوە.

مسیۆ لووسیانا جوولەکەیەکی ملیاردێری بە ڕەگەز پورتوگالییە و خاوەنی ئەو هۆتێلەیە، کە فەرهاد کاری تێدا دەکات، هەر زوو لەگەڵ فەرهاد دەبن بە دوو هاوڕێی نزیکی یەکتر. مسیۆ لووسیانا خاوەنی بڕوانامەی ماجستێرە لە بواری زمان و ئەدەبیياتی ئێراندا و خوێندکاری دکتۆرایە لە بەشی ئێرانناسیی زانکۆی سۆربۆن، حەزێکی زۆری هەیە بۆ سەردانکردنی وڵاتی ئێران، بەڵام بە هۆی ئەوەی جوولەکەیە و سەردانی وڵاتی ئیسرائیل زۆر دەکات، هەر بۆیە ناتوانێ سەردانی ئێران بکات و دەترسێ وەکوو سیخوڕی وڵاتی ئیسرائیل دەستگیر بکرێ.

ئەم حەز و ئارەزووە زۆرەی مسیۆلووسیانا بۆ سەردانکردنی ئێران و وڵاتی ئەسفەهان بەتایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ خۆشویستنی کچێکی ئێرانی بە ناوی (زیبا)، کە لە کاتی خوێندنی ماجستێردا یەکیان بینیوە و عاشقی یەك بوونە، بەڵام بە هۆی نەگونجانی کولتوور و ئاینەکەیان پێکەوە و ڕێگە پێ نەدانی خێزانی زیبا بەم پەیوەندییە، دواجار زیبا دەگەڕێتەوە وڵاتی ئێران و لەو ڕۆژەوە تا ئێستا مسیۆ لووسیانا ئاواتەخوازی سەردانکردنی ئێران و بینینەوەی زیبایە!

لە دەقی ڕۆمانەکەدا زۆر باس لە لێکچوونی مسیۆ لووسیانا و محەمەدی حاجی زادە کراوە بەشێوەیەك، کە جیاکردنەوەیان لەیەك ئاسان نییە. بۆیە دەرئەنجام و لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بە هۆی ئەم لێکچوونە زۆرەی نێوانیانەوە مسیۆ لووسیانا داوا لە محەمەدی حاجی زادە دەکات، کە ماوەیەك جێگەکانیان بگۆڕنەوە تا بتوانێ سەردانێکی وڵاتی ئێران بکات. بەم شێوەیە و دوابەدوای ئەم ڕووداوە چارەنووسی مسیۆ لووسیانا ون دەبێت، کە ڕۆماننووس لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکات: ((زۆر بەداخەوەم بۆ چارەنووس و ژیانی مسیۆ لووسیانای ئەویندار، لووسیانای هاوڕێم، کە عەشقی (زیبا)،

عەشقی بێ سنووری (زیبا) لە ئێران هەڵی لووشی و تاکوو ئێستا بە هیچ شێوەیەك هیچ سەروشوێنێکی دیار نییە... لەو ڕۆژەشەوە هیچ هەواڵێکی نازانم.))(**پیربال**، ٢٠٢٠، ٢٠٨)

# بەشی یەکەم

## ناساندنی زاراوە و چەمکە تیۆرییەکان

بۆئەوەی بتوانین بچینە نێو کرۆکی باسەکەوە، پێویستە سەرەتا لە ناساندنی چەمك و زاراوە تیۆرییەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەمەش بەوپێیەی کە پاشخانی تیۆریی بنچینەیەکی زانستییانەی تۆکمە دادەڕێژێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی هەر توێژینەوەیەك. بۆیە لەم بەشە و لە تەوەرەی یەکەم و دووەمدا هەوڵ دەدەین چەمك و پێناسەی هەریەك لە (ئیستاتیکا، گێڕانەوە و شەپۆلی هۆش) بخەینەڕوو، ئەمەش بەوپێیەی ناسین و ئاشنابوون بە هەر زاراوەیەك دەروازەیەکی گرنگە، کە لێیەوە دەتوانین ئاشنای چەمکەکەی بین و لێی تێ بگەین.

## تەوەری یەکەم

## چەمك و پێناسەی ئیستاتیکا

### یەکەم/ زاراوەی ئیستاتیکا

ئیستاتیکا یان جوانیناسی زاراوەیەکی فەلسەفییە و ((گوزارشت لەو لقەی فەلسەفە دەکات، کە گرنگی بە تێگەیشتن و چێژبردن لە جوانی دەدات و هەروەها باس لە چۆنێتیی خولقاندنی جوانیش دەکات لەنێو بەرهەمە هونەرییەکاندا.))**(مطر، ١٩٧٩، ٤)**

جوانیناسی لە زمانی عەرەبییدا دەبێت بە (علم الجمال) و لە فارسیشدا (زیباشناسی)یە، بە ئەڵمانی پێی دەوترێت (Aesthtik) و بە فەڕەنسی (Esthetique) و بە ئینگلیزی (Aesthetics) و بە ئیتاڵی (Estetica) کە دەکاتەوە زانستی پێودانگ و هەڵسەنگاندنەکان، کە جوانی و ناشیرینی لێك جودا دەکەنەوە، ئەمەش ناسنامەیەکی کلاسیکی چەمکی ئیستێتیکایە.**(ڕەسوڵ، ٢٠١٢، ٨٤)**

بنەڕەتی وشەی ئیستاتیکا (Aesthetics) لە زمانی ئینگلیزیدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (Aisthetikos)ی گریکی، کە بە واتای درکپێکردنی هەستەکی دێت، وشەی (Aistheta)یش بە واتای خاڵی درکپێکردنی هەستپێکراو دێت.**(حسێن، ٢٠١٨، ٣٤)**

کەواتە زاراوەی ئیستاتیکا یان جوانیناسی زاراوەیەکە بۆ زانستێك بەکار دەهێنرێت، کە ((لە مەرجەکانی جوانی، پێوانەکانی، تیۆرەکانی لە چێژی هونەریدا، لە بڕیارەکانی بەها پەیوەستەکان بە شوێنەوارە هونەرییەکانەوە، هەروەها لە بەرزترین ئاستەکانی پەیوەندییە جوانییەکانی مرۆڤ بە واقیعەوە دەکۆڵێتەوە.))**(عومەر، ٢٠٠٩، ٢٠)**

ئیستاتیکا مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش زایین، کە بۆ یەکەم جار لای یۆنانییەکان سەری هەڵداوە و بە کۆنترین زانست دادەنرێت، کە فەیلەسوفەکان و وانەبیژانی کاروباری فکر و هونەر و فەلسەفە گفتوگۆیان کردبێت، هەروەها فەیلەسوفەکانی یۆنانی وەکوو هیراکلیت و دیمۆکریت و ئەفلاتون وایان داناوە کەرەستەی سەرەکیی هونەر جوانییە و هونەر لاساییکردنەوەی جوانییە و چێژی جوانی لە گونجانی نێوان فۆڕمی کاری هونەری و جوانیی بیر پێك دێت. بە درێژایی ئەم مێژووەیش جگە لە زاراوەی ئیستاتیکا چەند زاراوەیەکی تر بەکارهاتووە، وەك زاراوەکانی: تیوری هونەرەکان، تیوری زانستە جوانەکان، تیوری ئەدەبە جوانەکان، هونەرە جوانەکان، کالیستیکا و زانستی جوانی.**(دەروانرێتە: عومەر، ٢٠٠٩، ٢١)**

هەڵبەتە بە گەڕان بەنێو سەرچاوەکاندا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ((زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون، کە زاراوەی ئیستاتیکا بۆ یەکەم جار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا، لەلایەن (ئەلیکساندەر باومگارتن)ەوە لە کتێبی (Aesthetics)، کە بە لاتینی نووسراوە، بەرامبەر بەو زانستەی تایبەتە بە (زانینی هەستی) یان (هەستناسی) بەکارهێنراوە، کتێبەکەیش بریتییە لە باسێك لەبارەی (ڕخنەی چەشە)وە.))**(حسێن، ٢٠٠٨، ١٧- ١٨)**

لەو کتێبەیدا باومگارتن هەوڵی داوە، جوانیناسی شانبەشانی لۆجیك و تیوری زانین و ئاکار و میتافیزیك بکات بە لقێکی تری فەلسەفە، لەو ئەرکەشیدا سەرکەوتوو بووە و لەو ڕۆژەوە جوانی و هونەر شانبەشانی لقەکانی تری فەلسەفە جێگای توێژینەوەن، بەڵام توێژینەوەیەك پشت ئەستوور بە ئامراز و میتۆدێك، کە لەگەڵ ناوەڕۆك و ڕوخساری کەرەستەی هونەردا بێتەوە و بتوانێ سەرکەوتووانە پێودانگێك ڕۆبنێ، کە جوانی لە

ناجوانی جیابکاتەوە، بێگومان دوای ئەوەی پێناسەی جوانی دەکات و بایەخ بە کاری هونەری دەدات و بابەت و لقەکانی هەڵدەسەنگێنێ.**(دەروانرێتە: عەزیز، ٢٠٢٠، ١٠٩- ١١٠)**

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە، جوانیناسی بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتە ناو جیهانی ئەدەبەوە، کە بۆ یەکەم جاریش جوانیناسی لە فەرەنسە جێی خۆی کردەوە و لە بواری ئەدەبدا ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی دەبێت. سێ دەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدهەم بەتایبەت دەیەی (١٨٨٠)ی زاینی بووە هۆی سەرهەڵدان و سەرکەوتوویی بزاڤی جوانیناسی لە بەریتانیا، بەو جۆرە کە تینێکی زۆری پێ درا.**(سەحرانەوەرد، ١٣٩٥، ٢٥٧- ٢٥٨)**

## دووەم/ ماهییەتی ئیستاتیکا

نووسەران و هونەرمەندان گرنگییەکی زۆر بە لایەنی ئیستاتیکی بەرهەمەکانیان دەدەن و تەنانەت هەندێ جار بەرهەمەکانیان تەنها لەپێناو پێشکەشکردنی بابەتێکی پڕ لە ئیستاتیکی و جوانیدا دەخوڵقێنن، چونکە لەنێو دونیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا- جوانناسی) ئامانجێکی گەورە و پیرۆزە، هەموو نووسەرێك بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە، یان بەواتایەکی دیکە بەدوای جوانی و پیرۆزیی وشەدا عەودالە و لە ڕێکخستنی وشەکاندا جوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکات.**(عومەر، ٢٠٠٩، ٢٢)**

هەموو ئەو پێناسە و لێکدانەوانەی بۆ ئیستاتیکا کراون جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە و جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکیی ئیستاتیکا دادەنێن، لەکاتێکدا بە درێژایی مێژووی ئیستاتیکا جگە لە جوانی، هاوکات دزێویش چووەتە ناو بابەتەکانی ئەم زانستەوە. هەر ئەمەش وای لە (دکتۆر ڕابورت) کردووە بەو پێناسانە ڕازی نەبێ و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەم زانستە تەنها لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکوو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە.))**(هەمان سەرچاوە، ٢٣)**

هەموو بیرمەند و توێژەر و زانایان پێناسەی ئەم زانستەیان لە چاوگی بیرکردنەوە فەلسەفی و بیروڕای هزری و ڕوانینی جوانییانەوە کردووە، کە پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەگەڵ پێکهاتەی بیروبۆچوونیاندا هەیە، تێیاندا بە پشتبەستن بە مانا باوەکەی وشەی ئیستێتیکا پێناسەی جوانییان کردووە، هەندێکیش پشتبەستوو بە چەمکی ئیستێتیکا و

بەهای جوانی، هەندێکیشیان بە چەمکەکانی هونەر ناسنامەکەیان دەستنیشان کردووە.**(عەزیز، ٢٠١٠، ٨٥)**

لێرەدا هەموو ئەو پێناسانەی کە لەلایەن بیرمەندان و فەیلەسوفانەوە بۆ ئیستاتیکا کراون لە چەند خاڵێکدا کورت دەکەینەوە:**(مجاهد، ٢٠١٣، ١٥- ١٦)**

١- تەوژمێك، کە ئیستاتیکا دەکاتە لێکۆڵینەوەی جوانی، جا ئەو جوانییە لە هونەر یان لە سروشتدا بێت.
٢- تەوژمێك، کە ئیستاتیکا دەکاتە تەنها لێکۆڵینەوەی چەمك و زاراوە ئیستاتیکاییەکان.
٣- تەوژمێکی تریش هەیە، ئیستاتیکای داناوە بە لێکۆڵینەوەی وێنە هونەرییەکان.
٤- تەوژمێکی تریش هەیە هەموو ئەو تەوژم و ئاراستانە بە مرۆڤەوە دەبەستێتەوە وای دەبینێ، کە هونەر بەرهەمێکی مرۆییە، چێژیش ڕەهەندێکی مرۆییە و بڕیاریش بڕیارێکی مرۆییە و وێنە هونەرییەکانیش بەرهەمگەلێکی مرۆیین.
٥- بۆچونێکیش بڕوای وایە، ئیستاتیکا جگە لە جوانی گرنگی بە (دزێوی)یش دەدات و دەیکاتە یەکێك لە تەوەر و بابەتەکانی خۆی.

دەتوانین پێناسەی کۆتایی بۆ ئیستاتیکا بەوە بکەین، کە (ئیستاتیك Aesthetics لقێکە لە فەلسەفە گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی (جوانی) وەکوو ڕووخسارێکی جیاکەرەوی کارەکانی هونەر، ئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکات، کە حوکومدانە ئیستاتیکییەکان پشتیان پێ دەبەست. ئیستاتیکا شیکردنەوەی ئەو چەمك و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە، کە لە کاتی لێوردبوونەوەی بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدا دەبن و لەلایەن خۆیانەوە هەموو ئەو بابەتانە دەگرنە خۆیان، کە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بەدەستەوە.**(حەوێزی، ٢٠١٤، ٦٧)**

پێشتر ئاماژەمان بەوە دا، کە ئیستاتیکا جەخت لەسەر جوانی دەکاتەوە، جوانی یان هەستی جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکیی ئیستاتیکا دادەنرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە جگە لە جوانی، ئەم زانستە لە ناشیرینی یان دزێویش دەکۆڵێتەوە و جوانی تەنها بابەتی ئیستاتیکا نییە، بەڵکوو ناشیرینیش بابەتێکی تری ئیستاتیکییە، هەربۆیە لێرەدا بەکورتی باس لە هەریەك لە چەمکی جوانی و ناشیرینی دەکەین. هەڵبەت ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی دەستنیشانکردنی چەمکی ئیستاتیکاوە.

**کەواتە جوانی چییە؟ دیارە بیروباوەڕی زۆر هەن، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە دەربارەی چەمکی جوانی خراونەتە ڕوو، بەڵام هیچ کامیان تێروتەسەل و بێ کەموکورتی نین، چونکە ئەم چەمکە بەردەوام بە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەوە لێکدانەوەی نوێی بۆ دەکرێت، کە ئەمەش زیندوویی و گرنگیی چەمکی جوانی دەخاتەڕوو، بەڵام دەتوانین بڵێین ((جوانی ئەو ڕاستییەیە، کە پێ دادەگرێت لەسەر ڕاکێشانی هونەرمەند بۆ لای خۆی، جوانی سیفەتێکی گشتیی مرۆڤایەتییە، لەسەرووی خێر و هەقەوەیە، چونکە ئەوەی خێر و هەق بێت بێگومان جوانیشە، بەڵام هەموو جوانێك خێر و هەق نییە، جوانیی سیفەتێکی گشتیی ڕەهای مرۆڤە، لەبەرئەوەی ڕاستییەکی مرۆڤایەتییە هونەرمەندی داهێنەر بەدوایدا دەگەڕێت.))(عومەر، ٢٠٠٩، ٢٦)**

**لەلایەکی ترەوە هەمان ئەو پرسیارە دەشێ لەمەڕ ناشرینیشەوە ئاراستە بکرێ، بەوەی کە ئاخۆ دەبێ ناشرینی چی بێت؟ هەڵبەت ئەمەش لەپێناو تێگەیشتندایە لە چەمکی جوانی، واتە بۆئەوەی لە جوانی تێ بگەین پێویستە باسی ناشیرینیش بکەین.**

**(ڕۆز غەریب) لەبارەی ناشرینی (دزێوی)یەوە دەڵێت: (دزێوی ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی هونەر، لە سەردەمە کۆنەکانەوە بەشێکی زۆری کەرەستەی خاوی هونەری لێ پێك دێت، کە سروش بە هونەرمەندان دەبەخشێت، مەبەستمان لە (دزێوی) هەموو بابەتێکە، کە ناتەواوییەکانی سروشت و کۆمەڵ وەردەگرێت لە جێکەی جوانییەکانی. لای یۆنانییەکان و عەرەبە کۆنەکان هونەری تایبەت بە (دزێوی) دەبینین، لەوانە: (هەجوو، گاڵتەجاڕیی)، ئەم هونەرانە لای یۆنان پێشکەوتوون بۆ هونەری شانۆیی ناسراو بە کۆمیدیا، کە (دزێوی)یەکانی کۆمەڵ و گاڵتەجاڕییەکانی دەخاتەڕوو.(هەمان سەرچاوە، ٣٧)**

## تەوەری دووەم

## چەمك و پێناسەی گێڕانەوە

### یەكەم/ زاراوەی گێڕانەوە

گێڕانەوە یەكێكە لە زاراوە ئەدەبییە گرنگەكان، كە خوێنەری ئەدەبی پێویستە ئاگاداری بێت. پرۆسەی گێڕانەوە لە ژانرە ئەدەبییەكانی وەك (ڕۆمان، چیرۆك، كورتەچیرۆك، شیعر...) بەرچاو دەكەوێت و بەكاردەهێنرێت، بەوپێیەی كە ئەم ژانرانە، ژانری گێڕانەوەبەندن.**(حوسێن، ٢٠١٨، ٧٢)**

بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە زاراوەی گێڕانەوە وردبینەوە، ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای زانستی گێڕانەوە، واتە گێڕانەوە خۆی لەخۆیدا زاراوەیەكە سەر بە گێڕانەوەناسییە، كە ئەمەش ناسراوە بە ((ناراتۆلۆجی، یان زانستی گێڕانەوە، بە عەرەبی (علم السرد) یان (علم السردیە)، لقێكە لە لقەكانی لێكۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی، لە سیستمەكانی گێڕانەوە دەكۆڵێتەوە بە فۆرم و دەركەوتە جیاجیاكانی، هەروەها لەو بنەمایانەش ورد دەبێتەوە، كە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت. ناراتۆلۆجی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە، كە لە بونیادگەرییەوە وەرگیراوە، واتە بریتییە لە بونیادی گێڕانەوە.))**(ئەسوەد، ٢٠١١، ٢٢٠)**

سەبارەت بە چەمكی زانستی گێڕانەوە ئەوا ((بۆیەكەم جار لەلایەن (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ)ەوە ئاماژەی پێ دراوە. پاشان لەلایەن ڕەخنەگری فەڕەنسی (جولیان گریماس)ەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر كرا، كە بەلایەوە (كردار) بچوكترین یەكەی گێڕانەوەیە. جگە لە (گریماس) هەندێك ڕەخنەگری دیكەش بەقووڵی لەسەر ئەم چەمكە وەستاون، یەكێك لەوانەش جیرار جێنتە.))**(كۆمەڵێك نووسەر، ٢٠١٣، ١٣٦)**

لەلایەكی تریشەوە ((ئەم زاراوەیە لە لێكۆڵینەوەكانی ئەنترۆپۆلۆژیستی فەڕەنسی (كلۆد لیڤی شتراوس) سودێكی زۆری لێ وەرگیراوە، بەتایبەتی كاتێك لێكۆڵینەوە دەربارەی ئەفسانەكانی میللەتە سەرەتاییەكان دەكات. ئەفسانە لای شتراوس بریتییە لە بونیادێكی دووسەرە، یەكێكیان جیهانییە و ئەوی دیكە ناوچەییە، لایەنی جیهانییەكەی سەرجەمی ئەفسانەكان پێكەوە دەبەستێتەوە و توێژەری ناراتۆلۆجییش لەو لایەنە دەكۆڵێتەوە.))**(ئەسوەد، ٢٠١٥، ٣٨٥)**

لە ڕوانگەی (ڕۆلان بارت)یشەوە، کە بە دامەزرێنەری ڕێبازی بونیادگەریی دادەنرێت، ئەوا ((گێڕانەوە بە هەموو واتای پەیڤەکە یان سیستمی هێماییانەی چیرۆکخوان، هەر تەنیا دوو سیستم لە سیستمەکانی ئاماژە دەناسێت، لەوەشدا هەروەك زمان وایە.))(**بارت، ٢٠١٥، ٧٠**)

## دووەم/ ماهیيەتی گێڕانەوە

گێڕانەوە لە دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا، واتە ئەو دەقانەی کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستن گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەتی ڕۆمان. ((گێڕانەوە یەکێکە لەو پرۆسانەی هەر یەکێك لە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەی بەرفراوان و بەردەوام پراکتیزەی دەکەین و پشتی پێ دەبەستین، مێژووی دەرکەوتنی هاوکاتی مێژووی دروستبوونی زمانە، چونکە گێڕانەوە گێڕانەوەی ڕووداوێك یان چەند ڕووداوێك یاخود هەواڵێك یان پتر لە هەواڵێکە، کە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت، یان داهێنراوی خەیاڵ بێت. لەبەرئەوە سادەترین پێناسەی نێوان دوو کەس یان زیاتر بەویست بێت یان بێویست ئەم پرۆسەیەی تێ دەکەوێت.))(**محەمەد، ٢٠٠٩، ١٥٥**)

گێڕانەوە هۆکارێکی گرنگە بۆئەوەی مرۆڤ بیرکردنەوە و یادەوەرییەکانی تێدا بپارێزێت، ئەو بنەما سەرەکی و سەرنجراکێشەیە، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونییەوە هەمیشە هەوڵی بۆ داوە و پشتی پێ بەستووە، بۆیە دەکرێ بڵێین یەکەم ڕێگەی گوزارشتکردن بووە لە خود و دەوروبەر.(**دەروانرێتە: سدیق، ٢٠١٥، ١٥٧**) هەڵبەتە ئەم گوزارشت لەخۆکردنەیش لەڕێگەی گێڕانەوەوە واتە ((ئاستی هونەریی زمانی دەق، بە ڕستەی کورت، یان درێژ، بە ڕستەی فرمان یان ناویی و هتد.))(**سەراج، ٢٠٠٧، ١٤**)

لەم بارەیەوە (دەیڤید لاج) لە ڕوونکردنەوەی چەمکی گێڕانەوەدا دەڵێت: ((پێکهاتەی گێڕانەوەیەك وەك چوارچێوەی ئەو ئاسنانە وایە، کە بینایەکی بەرزی مۆدێرن ڕادەگرن: مرۆڤ ناتوانێ بیبینێ بەڵام ئەو چوارچێوە ئاسنەیە، کە فۆڕم و بوونی بیناکە دیاری دەکات.))(**لاج، ٢٠١٩، ٢٩٢**)

کەواتە مەبەست لە گێڕانەوە ((ئەو بنەما سەرەکی و سەرنجراکێشەیە، کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای بوونییەوە هەمیشە لە هەوڵی گێڕانەوەدایە، واتە گێڕانەوە کردارێکە بۆ دەربڕینی ڕووداو و بەسەرهاتەکان.))(**خدر، ٢٠٠٧، ١٩**)

بەم پێیەش بێت، ئەوا گێڕانەوە وەك یەکێك ((لە بونیادە سەرەکییەکانی دەق و بەشێوەیەکی ئیستاتیکی سەرجەمی دەقەکە بەڕێوە دەبات، لایەنە هونەرییەکانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی ڕوودا و هەڵوێستەکان لە وێنەیەکی واقیعی بۆ وێنەیەکی زمانەوانی دەگوێزێتەوە، کە بەجۆرێك بەرانبەر (گوێگر یان خوێنەر) وا هەست بکات ئەم ڕوودا و هەڵوێستانە دەبینێت و لەبەرچاویدایە.))(**حوسێن، ٢٠٠٧، ١٦**)

بەگشتی دەتوانین بڵێین: ((گێڕانەوە گرنگی بە خستنەڕووی ڕووداوەکان دەدات و کار لەسەر بەرەوپێشچوونی (زەمەنی ڕووداو) و (زەمەنی گێڕانەوە) و (زەمەنی خوێندنەوە) دەکات.))(**عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ٦٥**) بەم چەشنەیش گێڕانەوە دەبێت بە جۆرێك لە کردە، کە لە ڕێگەیەوە ((ڕابردوو دەژێنێتەوە، یان گێڕانەوەیە بۆ هەموو ڕابردووەکان، کە ڕەنگە تەنها چەند چرکەساتێك بن بەر لە کردەی گێڕانەوە، بەڵام شێوازی گێڕانەوەکان لە ژانرە ئەدەبییەکەدا جۆرێك لە زەمەن ڕۆدەنێن، کە ئێستای دەق و ئەو زەمەنەیە، کە هێشتا نەهاتووەتەوە و ڕووی نەداوە.))(**خەیات، ٢٠١٩، ٦٤**) پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە ((دەشێ گێڕانەوە باس لە شوێن بکات یان کەسانی تر، دەشگونجێ کەسەکە لە خۆیەوە دەست پێ بکات.))(**سەڕاج، ٢٠٠٧، ١٤**)

## سێیەم/ جۆر و شێوازەکانی گێڕانەوە

مرۆڤ بەردەوام بۆ خستنەڕوو یان بۆ نیشاندانی ڕووداو و بەسەرهاتەکان پشتی بە گێڕانەوە بەستووە، دیارە هەرکەسە و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە و تایبەتمەندییەکی جیاواز بە شێوازی گێڕانەوەکەی خۆی دەدات. هەربۆیە دەکرێ بڵێین جۆرەکانی گێڕانەوە لەو شێوازە تایبەت و تایبەتمەندییە جیاوازانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

گێڕانەوە شێواز یاخود تەکنیکێکە، کە ڕووداوەکانی ناو چیرۆك یاخود ڕۆمانی پێ دەگێڕدرێتەوە لەلایەن نووسەرەوە.(**سەحرانەوەرد، ٢٠١٦، ٨٦**) لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانەشدا چەند جۆرێك لە گێڕانەوە پەیڕەو دەکرێت، کە بنەمای هەریەکەیان

دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سێ جۆرە لە گێڕەرەوە، کە ئەوانیش زیاتر لە شانۆدا بەرچاو دەکەون و دواتر هاتوونەتە نێو دەقی گێڕانەوەبەندییەوە و بریتین لە:(**دەرِوانرێتە: مەنتك، ٢٠١٨، ٢١- ٢٢**)

١. گێڕەرەوەیەك، کە دەنگی خۆی بەکار دەهێنێ، واتە خۆی ڕووداوەکان بە دەنگی خۆی دەگێڕێتەوە.
٢. گێڕەرەوەیەك، کە دەنگی کەسانی دیکە لاسایی دەکاتەوە و بە دەنگی ئەوان، کە هی خۆی نییە، دەپەیڤێ.
٣. گێڕەرەوەیەك، کە دەنگی خۆی و ئەوانی دیکە تێکەڵاو دەکات و دەپەیڤێ.

هەڵبەتە لە دابەشکردنی جۆرو شێوازەکانی گێڕانەوەشدا ڕاوبۆچوونی جیاواز و دابەشکاریی جیاواز هەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو دابەشکارییەی کە بەلامانەوە گونجاوتر و ڕێکخراوترە دەخەینەڕوو، کە بریتین لە (گێڕانەوەی تاکدەنگی، گێڕانەوەی دوودەنگی و گێڕانەوەی فرەدەنگی).

١. **گێڕانەوەی تاکدەنگی:**

گێڕانەوەی تاکدەنگی بریتییە لە گێڕانەوە، یان پەیڤی یەکدەنگ (کارەکتەر، وەگێڕ) لەنێو ڕۆماندا. لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا دەسەڵاتی نووسەر بەشێوەیەك دیکتاتۆرانەیە، کە ڕێ بە هیچ دەنگێکی دیکە نادات دەربڕی ناخی خۆی بێت، تاکە وەگێڕێك لەبری کارەکتەرەکان دەدوێت و بیردەکاتەوە. ئەم جۆرەی گێڕانەوە سەرەتا لە شانۆنامەکاندا بەکارهاتووە، بەڵام دواتر بۆ ناو ڕۆمانیش گواستراوەتەوە. زۆرجار وەگێڕ لەناو ڕۆمانی تاکدەنگییدا ڕووداوەکان بە جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاك (من)، یان جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك (م)، هەندیك جاریش بە جێناوی کەسی سێیەمی نادیار دەگێڕێتەوە.(**دەرِوانرێتە: مەنتك، ٢٠١٣، ٦٥- ٦٧**)

٢. **گێڕانەوەی دوودەنگی:**

شێوەیەکی تری گێڕانەوەیە لە ڕۆماندا. لەم جۆرەی گێڕانەوەدا دوو دەنگ بوونی هەیە، کە کار لە یەکتری دەکەن و دەبنە هۆی هێنانەدی دیالۆگ. ئەم پرۆسەیە لەنێوان دوو ئاخێوەردا ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی بەرهەمهێنانی پەیڤ. باختین، کە گرنگی بەم جۆرە گێڕانەوەیە دەدات، دەڵێت: (دوودەنگی ڕەگەزێکە لەلایەن ئاخێوەرەوە بە ئاراستەی

گوێدێر دەچێت، داوای لێ دەکات گوێ لە پەیڤەکانی بگرێت، ئەم گوێگرتنەش بە (نیشانەی گواستنەوەی پەیڤ) ناودەبرێت.)، هەر ئەمەش بە تاکە جیاوازیی نێوان گێڕانەوەی تاکدەنگی و گێڕانەوەی دوودەنگی دادەنێت.**(دەروانرێتە: هەمان سەرچاوە، ٧٥- ٧٦)**

٣. **گێڕانەوەی فرەدەنگی:**

فرەدەنگی جۆرێکی دیکەی گێڕانەوەیە، واتە ((بوونی چەندین گێڕەرەوەیە، کە هەریەکەیان گوزارشت لە سەربەخۆیی کەسایەتییەك دەکات و گۆشەنیگا و هەستی دەدوێنێ... بەم تەکنیکەش ڕۆمان لە دەستێوەردانی ڕۆماننووس دەرباز دەبێت و پتر ناخ و ژوورەوەی کەسایەتییەکان دەردەبڕێ.))**(سەراج، ٢٠٠٧، ٧٧)**

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بدەین، کە گێڕانەوە بەشێوەیەکی گشتی دوو شێوازی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و شێوازی گێڕانەوەی خودی، کە لای خوارەوە بەکورتی ڕوونیان دەکەینەوە.

١. **گێڕانەوەی بابەتی:**

لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا گێڕەرەوە لە جۆری هەمووشتزانە، واتە ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئـەو) بەکاردەهێنێت، چونکە گێڕەرەوە (حیکایەتخوان) ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانە و لە دیدی خۆیەوە تێبینی کارەکتەرەکانی ناو دەقەکە دەکات.**(دەروانرێتە: الساعدی، ١٩٨٩، ٣٣)**

بەم چەشنە لەم شێوازەی گێڕانەوەدا، ((دانەر لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت، کاتێك باس لەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەکات، کە بەسەر کەسانی تردا هاتوون. ئەم ڕێگایەش لە هەموو ڕێگایەکانی تر بەربلاوترە.))**(حوسێن، ٢٠٠٧، ٢١٧)**

٢. **گێڕانەوەی خودی:**

گێڕانەوەی خودی ئەو گێڕانەوەیە، کە گێڕەرەوە بەشداریی لە گێڕانەوەکەدا دەکات، گێڕانەوەی بابەتیش، ئەو گێڕانەوەیە کە گێڕەرەوە بەشداری تێدا ناکات بەڵکو خودی

نووسەر وەسفی کردەوەی کەسایەتییەکان دەکات، یان پێشکەشیان دەکات لە ڕوانگەی هۆشی کەسەکەوە یان چەن کەسایەتییەك.**(موفتی، ٢٠١٢، ١٩)**

کەواتە لە گێڕانەوەی بابەتیدا گێڕەرەوە بە زمانی کەسی سێیەمی نادیار لە دواوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، بەڵام لە گێڕانەوەی خودیدا گێڕەرەوە بە زمانی کەسی یەکەمی قسەکەر لەناوەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و دەچێتە ناو ناخی شێوازەکەوە.**(دەروانرێتە: سەعید، ٢٠١٣، ٣٠٠)**

یەکێك لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە بریتییە لە شەپۆلی هۆش، کە ڕۆمانئووس لەو ڕێگەیەوە ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە ڕۆمانەکەیدا پێشکەش دەکات، کەواتە شەپۆلی هۆش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هونەرەکانی گێڕانەوەوە هەیە، هەربۆیە لە تەوەری دواتردا بەشێوەیەکی ورد دەچینە سەر باس و ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکە و بەوەش دەچینە نێو دیوی پراکتیکیی توێژینەوەکەمانەوە.

## تەوەری سێیەم

## چەمك و پێناسەی شەپۆلی هۆش

### یەکەم/ زاراوەی شەپۆلی هۆش

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك زاراوەی جیاجیا بۆ ئەم چەمکە بەکار دەهێنرێت، بەڵام خۆشبەختانە لەبواری ئەدەبییاتدا لەسەر (شەپۆلی هۆش) ڕێك کەوتووین، ئەگەرچی لێرەو لەوێ هەندێ لە نووسەران و ڕەخنەگران زاراوەی (تەوژمی ئاگایی)یش بەکاردەهێنن، بەڵام بەگشتی شەپۆلی هۆش لەلایەن زۆرینەوە بەبێ هیچ کێشەیەك بەکارهێنراوە و ئێمە لێرەدا هەر ئەو زاراوەیە بەکاردەهێنین، لە ڕوانگەی ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانین.

زاراوەی شەپۆلی هۆش لە سێ سەرچاوەی گەورە و گرنگەوە هێزی خۆی هەڵدەگۆزێت، ئەوانیش بریتین لە: یەکەم سەرچاوەیەکی مێژوویی، کە خۆی لە مارکسیزمدا دەبینێتەوە، دووەم سەرچاوەیەکی دەروونی، کە خاوەنداریێتییەکەی -بێگومان- بۆ فرۆید دەگەڕێتەوە و سێیەمیشیان سەرچاوەیەکی فەلسەفییە، کە هۆسرێل پێشکەشی باسی لێوەکردووە. لەگەڵ ئەوەی ئەم سەرچاوانە جیاوازییان هەیە، بەڵام هەرسێ پێکەوە بانگەشەی خودگەرایی عەقڵ دەکەن لە پرۆسەی پێشکەوتنی مرۆییدا، ئەمەش بەوپێیەی کە گرنگیدان بە ئاگایی تاکەکەسی، خاڵی وەرچەرخانە لە ڕابردووەوە بەرەو ئێستا، بەمەش ئاگایی دەبێت بە پردی پەڕینەوە بەرەو نوێگەرایی.**(دەروانرێتە: لونیسی، ٢٠١٢، ١٣)**

سەبارەت بەم زاراوەیە، لە (فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەی ڕۆمان)دا، هاتووە: ((شەپۆلی هۆش بریتییە لە دارژانی بێبڕانەوەی بیرۆکەکان لەناو زەیندا.))**(زیتونی، ٢٠٠٢، ٦٦)** ئەمەش دەمانباتەوە بۆ لای ئەوەی کە ئەم زاراوەیە لە کێڵگەی دەروونناسییەوە پەڕیوەتەوە بۆ نێو جیهانی ئەدەب و لەوێشەوە بۆ نێو دەقە گێڕانەوەبەندییەکان و بەتایەتیتریش دەقی ڕۆمان، ئەمەش بەوپێیەی کە -تەنانەت- جۆرێك لە ڕۆمانمان هەیە بە (ڕۆمانی شەپۆلی هۆش) دەناسرێتەوە، واتە خودی تەکنیکەکە وەك ناو بۆ جۆرێك لە دەقیش بەکاردەهێنرێت.

بە شێوەیەکی گشتی سەرەتای بەکاربردنی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، کاتێك زانای دەروونناسی ئەمریکی ولیەم جیمس (١٨٤٢-١٩١٠) بۆ گوزارشتکردن لە لێشاوی بەردەوامی بیر و هەستەکان لە ناوەوەی زەینی مرۆڤدا بەکاری

هێنا، ئەو لێشاوە هزرییانەش لە شێوەیەکی تۆکمە و ڕێك و گونجاودا دەرناکەون، بۆیە وشەی (زنجیرە) یان (کاروان) بەشێوەیەکی جوان گوزارشتی لێ ناکات،... بەڵکوو وەك لافاو هەڵدەکشێ، هەربۆیە وشەکانی ڕووبار یان شەپۆل، دەشێ وشەی گونجاوبن بۆ گوزارشتکردن لەو مەبەستە.**(دەرڕوانرێتە: مەجید، ٢٠١٣، ٦)**

لەڕاستیدا داهێنانی زاراوەکە لە بواری دەقی گێڕانەوەبەندیدا پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە خودی کەسەکە خۆی گوزارشت لە دەروونی خۆی دەکات، کە ئەمەش پەیوەندیی بە جۆری گێڕانەوەوە هەیە و ((دیارە ئەوەی بەناوی خۆیەوە دەدوێ و دەگێڕێتەوە، لەگشتیان باشترەو متمانەی خوێنەر دابین دەکات، چونکە ڕاستەوخۆ بنهەستی دەدوێنێ و کەس ناکاتە ئامرازی پەیوەندیی لەگەڵ خوێنەردا، لەم جۆرەشەوە تەوژمی ئاگایی (تیار الوعی) هاتەکایەوە پاش پەرەسەندنی زانستی دەروون.))**(سەڕاج، ٢٠٠٧، ١٥)**

ئەم زاراوەیە لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٨ لە وتارێکی ڕەخنەگر (مای سینکلێر My Sinclair) لەبارەی ڕۆمانەکانی (دۆنپی ڕیشاردسۆن) بڵاوی کردەوە، بەکارهاتووە، ناوبراو لەوێدا دەڵێت: (هیچ شێوە درامایەك، هەڵوێستێك، دیمەنێك لەم زنجیرەیەدا ڕوونادات، بەڵکوو تەنێ یان دەڕوا و دەڕوا. ئەوە شەپۆلی هۆشی مریام ئەندرسۆنە ڕادەبرێ و ڕادەبرێ...) ئەوەی تێبینی دەکرێ هێشتا ئەم زاراوەیە لە کن ئەم ڕەخنەگرە لە پێناسەکەی سەرەوە دەرنەچووە، کە کۆمەڵێ کرداری عەقڵی و دەروونییە لەناو هۆشی کارەکتەردا ڕوودەدات. پاشان ئەم زاراوەیە بەتەواوی لە بواری ڕەخنەی ڕۆماندا چەسپا.**(دەرڕوانرێتە: مەنتك، ٢٠١٥، ٢٣٠)**

زاراوەی شەپۆلی هۆش لە بنەڕەتدا جەخت دەکاتە سەر (ئاڵوگۆڕ- ارتیاد)ی ئاستەکانی بەرلەگوتن لە هۆشدا، بە ئامانجی دەستنیشانکردنی پێکهاتەی دەروونیی کەسێتییەکان، ئامانجیشی دوورخستنەوەی سێنتەری قورسایی گێڕانەوەیە لە گێڕەرەوەی بابەتیی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان) بۆ کەسێتی، بەبێ پشتبەستن بە هۆکارەکانی دەفتەری بیرەوەریی یان نامە، یاخود هەر شتێکی لەو بابەتانە، واتە بەکارهێنانی ئەم هونەرە ئامانجی ئاماژەدانە بەو هەڵچوونانەی لە دەروونی کەسێتییەکدا بەرپا دەبێت، بە هۆی بیستن یان ڕووبەڕوونەوەی ڕووداوێکەوە.**(محەمەد، ٢٠٠٩، ١٨٦)**

ئەگەر بمانەوێ زیاتر باس لە بەکارهێنانی زاراوەی شەپۆلی هۆش بکەین، ئەوا سەرنج دەدەین، کە پشێویی باڵای کێشاوە بەسەر بەکارهێنانیدا، بەتایبەت کاتێك دەبینین لە

زمانە ئەوروپییەکاندا (ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانی) ڕووبەڕووی زنجیرەیەکی درێژ لە زاراوەکان دەبینەوە، کە ئەگەر بمانەوێ بیانکەین بە کوردی، ئەم زاراوانەیان بۆ ئەو چەمکە لێ دەکەوێتەوە، وەك: (شەپۆلی هۆش، شەپۆلی بیرکردنەوە، مۆنۆلۆگی ناوەوە، مۆنۆلۆگی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، مۆنۆلۆگی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ، شیکاریی ناوەوە، جیهانبینیی ناوەوە، سینەمای ناوەوە، خۆدواندن و...هتد)، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو زاراوانە بۆ دیاردەکە، کەچی لە فەرهەنگی زاراوەسازیی ئەدەبی ئینگلیزیدا زاراوەی (stream of consciousness) و لە فەرهەنگی زاراوەسازیی ئەدەبی عەرەبیشدا، زاراوەی (تیار الوعی) بەرانبەر بەم چەمك و دیاردەیە بەکاردێت، کە تا ڕادەیەکی فراوان ڕەخنەگرە عەرەبەکان لەسەر ئەم زاراوەیە ڕێك کەوتوون و بە یەك شێوە بەکاری دەهێنن.**(دەروانرێتە: مەجید، ٢٠١٣، ٧)**

بەم شێوەیە شەپۆلی هۆش ((تەکنیکێکی ڕۆمانی نوێیە، لە دوو وشە پێك هاتووە، وشەی یەکەم بە واتای ڕەوت، شەپۆل و بزووتنەوەیەك دێت. هەرچی وشەی دووەمە (هۆش) ئەو هەست و هۆشەیە، کە مرۆڤ لە دڵ و دەروونیدا دەیپارێزێ، یاخود ئەو هەستەیە مرۆڤ لە دەروونیدا بەرانبەر بە شتەکان هەیەتی. کەواتە دەبێتە ئەو ڕەوت و هەڵچوون و شەپۆلەی لە دەروونی کەسێکدا هەیە، بەڵام بە شاراوەیی، تەنێ خۆی پێی دەزانێت. ئەم دەستەواژانە وەکوو هێمایەك بۆ تەکنیکێکی ڕۆمان سوودیان لێ وەرگیرا، کە پتر واتای ڕێڕەوی هۆش، ڕووباری کات، هۆشی خود دەگەیەنێت.))**(مەنتك، ٢٠١٥، ٢٢٩)**

لە گێڕانەوەی شەپۆلی هۆشدا ((زانیارییەکانی ناو چیرۆکەکە بەشێوەی شەپۆلێکی بەربڵاو لە قسە و هەست و ئەندێشە لە چینەکانی هەستی خۆئاگای زەین یان چەند کارەکتەرێك بەشێوەیەکی ناڕێك و بێ کۆتا بۆ دەرەوە هەڵدەقوڵێن. لەم هەڵقوڵانەدا جگە لەوەی کە واتایەکان ڕێکخراو نین، گێڕەرەوە بە زنجیرەیەك لە بیرەوەریی و قسە، کە لە ئەنجامی پێکدادانی واتایی لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندیدان، گێڕانەوەی چیرۆکەکە کۆنترۆڵ دەکات.))**(مەستور، ٢٠١٤، ٦٤)**

سەبارەت بە هاتنە ناوەوەی ئەم زاراوەیە، وەك تەکنیکێك بۆ ناو ئەدەبییات و بەتایەتیش بۆ ناو دەقی گێڕانەوەبەندیی، ئەوا سێ ڕۆماننووس بە داهێنەری ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانەکانیان دادەنرێن، ئەوانیش بریتین لە: (جێمس جۆیس، ڤێرجینا وۆڵف، ولیەم فاکنەر)، کە ئەمان تەکنیکی شەپۆلی هۆشیان بە شێوە هونەرییە قووڵەکەی بەکاریان

هێناوە. دەقەکانی ئەم ڕۆماننووسانە وەکوو: (ڕۆمانی (یۆلیسیس و فینگیا تزوێك)ی جۆیس، (میسز دالوی و شەپۆلەکان)ی وۆڵف، (ئاژاوە و تورەیی و لە کاتی ڕاکشانی سەرەمەرگدا)ی فاکنەر.) ئەم تەکنیکە تەواو تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە.**(دەرپوانرێتە: مەنتك، ٢٠١٥، ٢٣١)**

دیارە پێش ئەمانیش ((نووسەری نەرویجی (کنووت هامسۆن) بە یەکێك لە پێشەواکانی بزوتنەوەی شەپۆلی هۆش لە ئەدەبدا دادەنرێت.))**(کۆشکی، ٢٠١٨، لینك)** لەنێو کوردیشدا (حوسێن عارف) لە ساڵی ١٩٧٧ توێژینەوەیەکی تەواو لەبارەی ئەم تەکنیکەوە دەکات. توێژینەوەکەی بەنێوی (مۆنۆلۆجی ناوەوە لە چیرۆکی نوێی کوردیدا) بوو.**(مەنتك، ٢٠١٥، ٢٣١)**

## دووەم/ ماهییەتی شە پۆلی هۆش

ڕەخنەگری ئینگلیزی (ڕۆبێرت هەمفری) دەڵێت: (شەپۆلی هۆش هەڵخەڵەتێنەرە، چونکە وادەردەکەوێت کە سنوردار و ئاشکرایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە ئاڵۆزی و بە شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێت.) لەم وتەیەی (همفری)دا دوو خاڵی گرنگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوانیش: یەکەم، زاراوەکە کە گوزارشتە بۆ دیاردەیەکی ئەدەبی، لەلایەن بەشێك لەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی قسەیان لەبارەوە کردووە، بەباشی و وردی، چەمك و واتاکەیان ڕوون نەکردۆتەوە. دووەم، بە هۆی بەدحاڵیبوونی هەندێك لە نووسەر و توێژەران دەربارەی چەمکی دیاردە ئەدەبییەکە وای لەو نووسەر و توێژەرانە کردووە، کە ئاوێتەکارییەك بکەن لەنێوان (شەپۆلی هۆش) و چەند زاراوەیەکی تردا، وەك (مۆنۆلۆگ، خۆدواندن..)**(مەجید، ٢٠١٣، ٨)**

لەم ڕوانگەوە ئێمەش ڕووبەڕووی هەمان کێشەی ئاڵۆزیی ئەم چەمکە دەبینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەین، بگەین بە ئەنجامێکی ئەوتۆ لە دەستنیشانکردنی سنوورێك بۆ ئەم چەمك و زاراوەیە، تا بتوانین لەو دەلاقەیەوە ڕێگەیەك بۆ پراکتیزەی لەنێو دەقی ڕۆمانەکانی سنووری توێژینەوەکەدا بگرینەبەر.

چیرۆك و ڕۆمان وەکوو دوو ژانری ئەدەبی بە هەموو کەرەستە و تەکنیك و بنیاتەکانییەوە پشت بە بنیاتێکی سەرەکی دەبەستن ئەویش گێڕانەوەیە، ئەمەش بە هۆی

ئەوەی ئەم ژانرانە ژانری گێڕانەوەبەندین و بۆ خستنەڕووی ڕووداو و بەسەرهاتەکان پشت بەو پرۆسەیە دەبەستن. ڕۆمان و چیرۆکی هونەریی، هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم پشتیان بە مۆدێل و میتۆدێکی گێڕانەوە دەبەست، کە لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا بە میتۆدی گێڕانەوەی تەقلیدی (کلاسیکی) ناسراوە، بەڵام پاش گۆڕانە واقیعییەکانی سەدەی بیستەم، بەتایبەتی پاش ئەوەی جیهانی شاراوەی نەست لەلایەن زانایانی دەروونناسییەوە (فرۆید، یۆنگ...) ئاشکرا بوو، بەشێك لە نووسەرانی چیرۆك و ڕۆمان هەوڵیان دا مۆدێلێکی نوێی گێڕانەوە لە بەرهەمەکانیاندا پەیڕەوبکەن، کە لەگەڵ سەردەمی نوێدا گونجاوبن، ئەو هەوڵانەش لە ئەنجامدا بوون بە مایەی لەدایکبوونی مۆدێل و میتۆدێکی گێڕانەوەی نوێ، کە دواتر بە (شەپۆلی هۆش) ناسرا.**(مەجید، ٢٠١٣، ٨)**

لە پێناسەیەکی تری شەپۆلی هۆشدا هاتووە: بریتییە لەو تەکنیکەی پابەندی هیچ دەستور و یاسایەکی کات وشوێن نابێت، بەڵکوو بۆ تێکدانی زنجیرەی کات و گێڕانەوەی تەقلیدیی بەکاردێت، پێشتریش بەرنامەی بۆ دانەنراوە و خۆی بۆ ئامادە نەکراوە، لە ناکاو لە شێوەی ڕەوتێك بە خەیاڵ و مێشکدا دێت، بەبێ گوێدانە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی، هەروەها پێشکەشکردنی زەین و هۆشی ناوەکییە و زۆرجار بە مەنەلۆگی ناوەوە ناسراوە، هەرچەندە شەپۆلی هۆش لەڕاستیدا هاوواتای (مەنەلۆگ) نییە، چونکە مەنەلۆگ ڕێگەیەکی گێڕانەوەیە و سەر بە شەپۆلی هۆشە. شەپۆلی هۆش، چەندین بەشی لێ جیا دەبێتەوە، مەنەلۆگیش یەکێکە لەو بەشانە و سەر بە شەپۆلی هۆشە، یاخود دەکرێ بڵێین مەنەلۆگ تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٢٧)**

کاتێك ڕۆماننووس شەپۆلی هۆش لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بەکاردەهێنێت، بەو واتایە دێت، کە کۆمەڵێك کارەکتەر لەنێو دەقەکەیدا بونیاد دەنێت، کە هەڵگری تایبەمەندیی تاکەکەسین و زیاتر لە کارەکتەری سۆفی دەچن، کە هەمیشە لە هەوڵی خۆتەواوکردن و گەیشتن بە کەماڵن، بۆیە لەڕاستیدا ئەم تەکنیکە پشت دەبەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی گێڕانەوەی ئاسایی و ڕەتدانەوەی زمانی لەکارکەوتوو، لەبری ئەوە خەیاڵدانی داهێنەرانە دەخاتەگەڕ و زمان لەناو خودی خۆیدا دەتەقێنێتەوە.**(دەروانرێتە: لونیسی، ٢٠١٢، ٣٨)**

بەلای (ولیام جیمس)ەوە هۆش بریتییە لە هەستی جەستەمان و پەیپێبردنەکانی دەوروبەرمان، لە یادگاریی و تاقیکردنەوەی ڕابردوو و بیری شتە لە یەك دوورەکان و هەستی ڕازیبوون و ڕازینەبوون و خولیا و ئارەزوو و ڕقلێبونەوە، هەروەها حاڵەتی سۆزداری تر لەگەڵ نەخشەدانان و بەڕێوەبردن. کەواتە چەمکی هۆش زۆر گشتگیرترە و تاقیکردنەوەی هەست و ژیریی و هۆش دەگرێتەوە.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٢٧)**

هەر سەبارەت بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش، (ڕۆبێرت هێمفری) کتێبیکی تەواوی لەبارەوە نووسیوە و ئەم تەکنیکە لە ڕۆمانی نوێی جیهانییدا پراکتیك دەکات. لەوێدا دەڵێت: ((شەپۆلی هۆش جۆرێکە لە چیرۆك پێداگریی لەسەر ئاستەکانی پێش قسەکردن لە هۆش دەکاتەوە، بە ئامانجی ئاشکراکردنی دەروونی کارەکتەرەکان.))**(مەنتك، ٢٠١٥، ٢٣١)**

لەبەر گرنگی ئەم تەکنیکە زۆربەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکان لە نووسینەکانیاندا پەنای بۆ دەبەن و بەکاری دەهێنن، بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەلایەن ڕۆماننووسانەوە زیاتر لە سەدەی بیستەمدا بەدیار کەوت، بێگومان هەر شتێکی نوێ، کە دێتە ناو ئەدەبەوە بە هۆی هەندێ گۆڕانکارییەوە دەبێت جا ئەو گۆڕانکارییانە سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری... بن. دەرکەوتنی شەپۆلی هۆشیش لە سەدەی بیستەمدا بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە بوو کە بەسەر ژیانی تاك و خوێنەردا هاتن، ئەمەش وەرچەرخانیکی گەورە بوو بەسەر شێوازی گێڕانەوەی کلاسیکدا هێنرا.

## سێیەم/ تەکنیکەکانی شە پۆلی هۆش

(شەپۆلی هۆش) وەکوو میتۆدێکی گێڕانەوە کۆمەڵێك تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ڕۆماننووس دەتوانێت لە ڕوانگەیانەوە بابەت و ناوەڕۆکی دەقەکەی پێشکەش بە خوێنەرانی بکات، سەبارەت بە دابەشکردنی ئەم تەکنیکانەش توێژەران ڕاوبۆچوونی جیاواز و دابەشکاریی جیاوازیان هەیە، لێرەدا چەند دانەیەکیان دەخەینەڕوو:

بەپێی دابەشکردنی (ڕۆبرت همفری) شەپۆلی هۆش چەند تەکنیکێکی هەیە، ئەوانیش بریتین لە: (مەنەلۆگ، خۆدواندن، بەدواداهاتنی ئازاد). هەرچی (فاتیح عەبدولسەلام)یشە شەپۆلی هۆشی کردووەتە جۆرێك لە جۆرەکانی دایەلۆگی ناوەکی.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٢٩)**

هەروەها ڕەخنەگر (محەمەد عەززام) لەژێر ناوی دیارترین پایەکانی ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش)، تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش بەسەر حەوت تەکنیکدا دابەش دەکات، کە بریتین لە: (مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ، مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ، وەسفی هۆش، خۆدواندن، گەڕانەوەی ئازاد، مۆنتاژی سینەمایی، کەرەستەی میکانیکی.)**(مەجید، ٢٠١٣، ٢٠)**

هەرچی نووسەر (حوسێن بەیات)ە، ئەوا چوار جۆر تەکنیك لە ڕۆمانی (شەپۆلی هۆش)دا دیاری دەکات، ئەوانیش: (مەنەلۆگی ڕاستوخۆ، مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ، گۆشەنیگای حیکایەتخوانی هەمووشتزان، خۆدواندن.)**(هەمان سەرچاوە، ٢٠)**

بەڵام گرنگترین دابەشکاریی تائێستا ئەوەی (ڕۆبێرت هێفری)یە، کە ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:**(دەروانرێتە: همفری، ٢٠١٥، ؟)**

١- مەنەلۆگ.
٢- خۆدواندن.
٣- بەدواداهاتنی ئازاد.

ئێمەش لێرەدا پشت بەو بۆچوونەی هێمفری دەبەستین و لای خوارەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕ لەبارەی هەریەك لەم تەکنیکانەی شەپۆلی هۆشەوە دەدوێین.

- **یەکەم/ تەکنیکی مەنەلۆگ**

مەنەلۆگ قسە لەگەڵ خۆکردنە لە ناخەوە واتە بەبێ دەنگ و تەنیا و لەناو زەیندا. جۆرە گێڕانەوەیەکە تێیدا ئەزموونەکانی ناوەوە سۆزی کارەکتەری چیرۆك و ڕۆمان لە ئاستە جیاجیاکانی زەین لە قۆناغی پێش قسەکردن دەنوێنێ و ئاشکرا دەکرێن.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٠)**

ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ((مەنەلۆگ کار لەسەر لایەنی ناوەوەی کارەکتەر دەکات، ئەو لایەنەی کە خوێنەر هەستی پێ ناکات و لێی ون و شاراوەیە و ئەگەر مەنەلۆگ نەبێت وەکوو تەکنیکێك، ئەوا ناکرێت قووڵایی ناخی کارەکتەر پیشانی خوێنەران بدرێت.))**(ڕەحمان، ٢٠١٤، ٢٧٥)** بە شێوەیەکی گشتیی مەنەلۆگ دەبێتە دوو جۆرەوە و بریتین لە:

أ- مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ.

ب- مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ.

سەبارەت بە (مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ)، ئەوا تێیدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ خۆی دەدوێنێ، بەبێ ئەوەی هەست بە بوونی ڕۆماننووس و گوێگر و خوێنەر بکرێت، لەم مەنەلۆگەدا جێناوی کەسی یەکەم بەکار دەهێنرێ، ئەو مەنەلۆگە یان ئەو بیرانەیە لە زەینی کارەکتەردان و پێشتر نەکراونەتەوە، چونکە لەبنچینەدا بۆ ئەوە نییە خوێنەر یان بەرانبەرەکەی بەم بیرانە بزانێ، لەبەر ئەوەی کارەکتەر لەگەڵ خودی خۆی دەدوێ نەك لەگەڵ کەسێکی دیکەدا.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٤)** بەم شێوەیە کردەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ((هەم لە ڕووی پێڕەوکردنی کات و هەم لەڕانگەی یەکگرتنی واتاوە ناسروشتی دەردەکەوێت.))**(مەستور، ٢٠١٤، ٦٧)**

هەرچی (مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ)یە، ئەوا ئەمەیان جۆرە قسە لەگەڵ خۆکردنێکە، تێیدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان پێشکەشی دەکات و پێشتر قسەی تێدا نەکراوە، بەشێوەیەکی وایە هەست دەکرێت لە هۆشی کارەکتەرەوە هەڵدەقوڵێ، جگە لەمە ڕێنیشاندەری خوێنەرە لە ڕێی ڕوونکردنەوە و سەرنج و تێبینی. بەمەش کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکرێت. لەم جۆرە مەنەلۆگەدا لەجیاتی جێناوی کەسی یەکەم، جێناوی کەسی دووەم و سێیەمی نادیار بەکاردێ، واتە پێچەوانەی مەنەلۆگی ڕاستەوخۆیە، کە جێناوی کەسی یەکەمی تێدا بەکاردێ.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٣٩)**

- **دووەم/ تەکنیکی خۆدواندن**

خۆدواندن تەکنیکێکی ترە لە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش، لە هونەری شانۆوە هاتووەتە ناو ئەدەبەوە، بەتایبەتیش شانۆی سەردەمی ئەلیزابێسی.**(دەرِوانرێتە: سەعید، ٢٠١٣، ١٦٥)**

کەواتە خۆدواندن ((تەکنیکێکە تێیدا پێکهاتە و کردەی زەینیی بەڕاستەوخۆیی لە کارەکتەرەوە و بەبێ ئامادەبوونی گێڕەرەوە، بەڵام بە گریمانەی هەبوونی جەماوەر بە بێدەنگی دەخرێتەڕوو، لەگەڵ خۆقسەکردنێکە کارەکتەر هەست و بیری خۆی بە دەنگهەڵبڕین دەردەبڕێ، واتە دەدوێت بۆئەوەی گوێگر لە مەبەستەکانی بگات، خۆدواندن

ئەوەی هەیە دەیخاتەڕوو، بەڵام مەنەلۆگ خوێنەر بۆ ناو زەینی خۆی ڕادەکێشێ، واتە: ئەم خۆدواندنە پێچەوانەی مەنەلۆگە.))**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٤٦)**

لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: خۆدواندن ((پەیڤینی ناخی کەسانی ڕۆمانەکەیە، لە ناوەوەی خۆیاندا بە بێدەنگی، کە ڕووبەڕووی خۆیان یان ئاستەنگێگ دەبنەوە. ئەم خۆدوواندنە فەرامۆشیی و ئاسوودەگیی ڕۆح یان دڵەڕاوکە و نامۆیی بۆ کەسەکە دروست دەکات.))**(سەڕاج، ٢٠٠٧، ٧٧)**

لەم تەکنیکەدا گێڕەرەوە ڕووی لە کەسی بەرانبەرە، کەسی بەرانبەر لە هەموو بیر و هەستێکی خۆی ئاگەدار دەکاتەوە. واتە لەم تەکنیکەدا گوێدێرێك ئامادەیە. خۆدواندن وتارێکی درێژە، یەکێك لە کارەکتەرەکان بە دەنگێك، کە بەرانبەرەکەی گوێبیستی دەبێت، دەپەیڤێ، بەبێ ئەوەی کەس قسەکانی پێ ببڕێ.**(مەنتك، ٢٠١٥، ٢٣٢ بەدەستکارییەوە)**

بە ڕای هەندێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری ڕەخنە و تیۆری ڕۆمان، خۆدواندن بەشێکە لە مەنەلۆگ و جیاوازیی خۆدواندن لەگەڵ مەنەلۆگ ئەوەیە، کە لە خۆدواندندا کارکتەری چیرۆك بە دەنگی بەرز بۆ گوێگرێك، دوێنراوێك قسە دەکات و ئەو قسانەی کارەکتەر لە مەنەلۆگدا دەیانکات گوێگر و دوێنراوی نییە و مەبەستی خۆدواندن گەیاندنی سۆز و بیری پەیوەست بە چنین و کاری هونەرییە لەکاتێکدا مەنەلۆگ پێش هەموو شتێك گەیاندنی ناسنامەی زەینییە. خۆدواندن لە چیرۆك و ڕۆماندا لە ڕێگەی دەستەواژەکانی وەك: (لەبەرخۆیەوە وتی، بە خۆی گوت، بە خۆمم گوتووە، لەژێر لێوەوە لە دەمی هاتەدەر و...هتد) جیادەکرێتەوە.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٤٦- ٢٤٧)**

- **سێیەم/ تەکنیکی بەدواداهاتنی ئازاد**

بەدواداهاتنی ئازاد، بیرهاتنەوەی شتێکە یان چەند شتێکە بە هۆی شتێکی دیکەوە. ئەمەش لەڕێی هەستەکانەوە دێتەدی. بەدواهاتنی ئازاد، کردەیەکی لەپڕ و لەناکاو و بێبەرنامەیە و لە دەرەوەی ویستی مرۆڤە، بە هۆی دیتن و بیستن و بۆنکردن و بەردەستکەوتن یان تامکردن لەکاتی ئێستادا، دەبێتە هۆی بەگەڕخستنەوەی یادەوەریی لە ڕابردوودا، کاتێ یەکێك لەمانە باس کراون و ئەنجام دراون و لە زەیندا بوونیان هەیە و کاتی دوور یان نزیکیان بەسەردا تێپەڕیوە، واتە هەمیشە کردە هەنووکەییەکە دەبێتە

هۆی زیندووکردنەوە و ورووژاندنی ڕابردوو.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٤٩- ٢٥٠)** لەم ڕوانگەوە دەتوانین بەدواداهاتنی ئازاد پێناسە بکەین بەوەی کە بریتییە لە ((بەدوای-یەکداهاتنی کۆمەڵێك بیرۆکە و وێنەی جارجار تێکچڕژاوە و هەندێجاریش ڕێکوپێکە، هەر بیرۆکە و وێنەیەك لەوانە خوێنەر دووچاری جۆرێك لە هێدمە و دڵەڕاوکێ دەکات، بەڵام دواجار بە مەغزایەکی داهێنەرانە قەرەبووی ئەو هێدمە و دڵەڕاوکێیەی بۆ دەکاتەوە.))**(عنبر و فليح، ٢٠١٩، ١٦)**

هەڵبەتە هەندێ جار بەدواداهاتنەکە هەستیی نییە، بەڵکوو گوتەییە. بۆنموونە لەگەڵ ناوهێنانی (نێرگز)، ڕاستەوخۆ کەسی بەرانبەر یاخود ئەوەی گوێی لەم ناوە بووە بیری بەلای ناوی کچێکدا دەچێ، کە ناوی نێرگز بووە و یادگارییەکەی خۆش یان ناخۆشی لەگەڵدا هەبووە، بۆیە بەگشتی سێ هۆکار هەن، کە بەڕێوەچوونی ئەم تەکنیکە ڕێك دەخەن، ئەوانیش بریتین لە: یادەوەریی، هەستەکان و خەیاڵ.**(موفتی، ٢٠١٢، ٢٥١)**

## بەشی دووەم

## بەرجەستەبوونی ئیستاتیکای شە پۆلی هۆش

## لە ئەزموونی ڕۆماننووسیی فەرهاد پیربالدا

لەم بەشەدا و بەپێی سنووری کاری توێژینەوەکەمان، هەڵدەستین بە نیشاندان و دەرخستنی تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالّ- دا، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەزموونیی ڕۆماننووسیی ناوبراوی پێ دەناسرێتەوە، هاوکات و لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی ئیستاتیکییانەی ئەو تەکنیکانە دەخەینەڕوو، کە ئەویش خۆی لە چۆنێتیی بەکارهێنانی زمانی نووسیندا دەبینێتەوە، کە دیسانەوە تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری ئەزموونە ڕۆماننووسییەکەی فەرهاد پیربالّە.

## تەوەری یەکەم

## شە پۆلی هۆش و تەکنیکی مەنەلۆگ لە دەقی ڕۆمانەکاندا

ئەگەر بڕوانینە دەقی ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە) دەبینین، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە نووسەر بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆشی تێدا بەرکەڵك خستووە، ئەمەش بەوپێیەی ئەو دۆخە دەروونییەی کە لە ماوەی نووسینی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس پێیدا تێپەڕیوە، زەمینەیەکی باشی بۆ ئەو مەبەستە ڕەخساندووە.

لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا ئەو کاتەی (ئیبراهیم) ئامۆژگاریی هاوەڵەکانی دەکات و پێیان دەڵێت، ئینسان بۆ ئەنجامدانی کارێك ئەوەندە بەسە، کە بەڵێن بە خۆی یاخود بە خودا بدات، یان سوێند بە سەری خۆشەویستترین کەسی خۆی بخوات، یان بە شتێکی بەهادار و بڵێت، هەر دەبێ ئەو کارە ئەنجام بدەم. لێرەدا کاتێك (فەرەیدوون) گوێی لەم قسانە دەبێت، لە مەنەلۆگێکی ڕاستەوخۆدا قسەکانی (ئیبراهیم) پشتڕاست دەکاتەوە، بەم شێوەیە:

من لە دڵی خۆمدا گوتم، ((ئیبراهیم ڕاست دەکات! ئەم سوێند و بەڵێن بەخۆدانە، هێز و متمانەی کەسەکە پتەو دەکات، چونکە ئەگەر جێبەجێی نەکات ئەوا لەهەمبەر خۆی و خەڵك شەرمەزار دەمێنێتەوە. ئەم بەڵێن بە خوا و بەخۆدانە، ئیرادەیەکی ئەوتۆی پێ

دەبەخشێت، کە سەرکەوتووی بکات لە داهاتوودا.))(**پیربال، ٢٠١٩، ١٨**) لێرەدا لەڕێگەی دەستەواژەی (لە دڵی خۆمدا گوتم)ەوە، کارەکتەری (فەرەیدوون) ئەم مەنەلۆگە ڕاستەوخۆیە پێشکەش دەکات و لەڕێگەیەوە قسەکانی ئیبراهیم پشتڕاست دەکاتەوە.

ئەگەر لەڕووی ئیستاتیکای زمان و دەربڕینەوە لەو مەنەلۆگە بڕوانین، دەبینین ڕۆماننووس لەڕێگەی ڕیتمی ناوەکییەوە ئاوازێکی بە دەربڕینەکە داوە، بەوەی چەندجارێك دەستەواژەکانی (بەڵێن بە خودا و بە خۆدان و...) هەروەها وشەکانی (خۆی و خەڵك) و... هتدەوە، کە تێیاندا دەنگی (خ) زۆر دووبارە بوونەتەوە، ئەو مەبەستەی پێکاوە.

هەروەها لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەورووپا)دا، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا کۆمەڵێك مەنەلۆگی بەرچاو دەکەوێت، لەڕێگەیانەوە بە دەروون و زەینی کارەکتەرەکان ئاشنا دەبێت. بۆنموونە ئەوکاتەی (محەمەدی حاجی زادە)، کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، پەیوەندیی لەگەڵ پیاوێکی فەڕەنسیدا دروست دەکات و ئەم هەواڵە لەناو پەناهەندەکانی هاوەڵیدا بڵاو دەبێتەوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بە پێکەنین و قاقاوە باس لەم هەواڵە دەکەن. (فەرەیدون)، گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە، کە دەبینێ چەند دڵڕەقانە خەریکی ناشیرینکردنی محەمەدی حاجی زادەن، لە دڵی خۆیدا و لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ڕاستەوخۆوە، سەرسامیی خۆی بە بینینی ئەم دیمەنە و بیستنی ئەم قسانە دەردەبڕێ و دەڵێت: ((پەناهەندە چەند سەیرە! هەمیشە حەز دەکا، کە تۆ ڕۆژێك چورتمێکت بەسەر بێت بۆئەوەی خەڵك بۆی بسەلمێت، کە پەناهەندەیەکی لە خۆی نزمتر لە دنیا هەیە!))(**پیربال، ٢٠٢٠، ١٠٤**)

دیسانەوە لێرەشدا ڕۆماننووس توانیویەتی لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەی (چورتم)، کە بە واتای (ناخۆشی و تەنگژە و کێشە و گرفت) دێت، هەروەها بە دەربڕینێکی وەك (پەناهەندەیەکی لەخۆی نزمتر)ەوە جوانییەکی زمانیی بە مەنەلۆگەکە بەخشیوە.

لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین)دا، نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکە زۆر بەرچاو دەکەوێت بە هەردوو جۆری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە.

کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە (مامۆستا فەرەیدون) دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەدوای ژن و منداڵەکانیدا دەگەڕێ و هەواڵیان نازانێت، لەڕووی دەروونییەوە زۆر ماندوو

دەبێت و خوێنەری ڕۆمانەکە زۆر بەئاشکرا هەست بەو دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی کارەکتەر دەکات، ئەویش لەڕێگەی قسەکانی مامۆستا فەرەیدونەوە، کە بەشێوەی مەنەلۆگ لە ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕوو. کاتێك مامۆستا فەرەیدوون لەناو شەمەندەفەردا بیر لە قسەکانی تانیای خێزانی و منداڵەکانی دەکاتەوە، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ((قسەلاوێن و جوانەکان، لە غەریبییدا، چەند شیرینتر و چەند خۆشنەواتر دەکەونە بەر گوێ!))(**پیربال، ۲۰۰۳، ۸۷**)

دیسانەوە بەکارهێنانی وشەیەکی نوێ، کە لە داتاشینی خودی ڕۆماننووس خۆیەتی، کە ئەویش (قسەلاوێن)ە، دیوێکی ئیستاتیکی بەو مەنەلۆگە بەخشیوە، ئەمە بەدەر لەوەی هەر لە بنەڕەتدا دەربڕینە زمانییەکە بۆ خۆی وەك گوتەزایەك دێتە بەرگوێ. هەڵبەتە ئەمەش ئەو توانا و سەلیقە زمانییەی ڕۆماننووس دەردەخات، کە دەتوانێت ئەو هەستە بە خوێنەر بگەیەنێت.

لە جێگەیەکی دیکەی ڕۆمانەکەدا نموونەی مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئەویش ئەوکاتەیە، کە کارەکتەری (محەمەد) ئەوکاتانەی توانای بیرکردنەوەی نامێنێت و حەزدەکات بچێت خۆی بە سەیرکردنی وێنەی ڕووتی ژنە ئەڵمانییەکانەوە خەریك بکات، ئەم دۆخەی خۆی لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆوە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو: ((نەخێر. ئەمەیان هەڵبگرە بۆ کاتژمێر دەوروبەری شەشی بەیانی، ئەو کاتانەی بە پێدزکە سەردەکەویت بۆ قاتی دووەم: لە پەنجەرەکەوە، بەدزییەوە، لە فلیمێکی سێکسی خۆشتر و واقیعی ڕادەمێنیت!))(**پیربال، ۲۰۰۳، ۲۰**) وەك دیارە لێرەدا بە هۆی بەکارهێنانی جێناوی کەسی دووەم (تـۆ)، دەستەواژەی (کاتژمێرە بایۆلۆژییەکەت)ەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە جۆری مەنەلۆگەکە ناڕاستەوخۆیە.

لە ڕۆمانی منداڵبازیشدا کۆمەڵێك مەنەلۆگ بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نموونەیەك دەخەینە ڕوو، ئەویش کاتێك، کە یاسین لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ((عەریف عیسایەکی منداڵباز لە پۆلیسخانە بێت و لە مەسەلەی برای من بکۆڵێتەوە؟!))(**پیربال، ۲۰۰۳، ۳۸**) لێرەدا (یاسین)، کە برای (یووسف)ە، دەبینێت پیاوێك، کە خۆی منداڵبازە و لە دۆسێیەکی لەوشێوەیە دەکۆڵێتەوە، بەمە تووشی سەرسووڕمان دەبێت و ئەم سەرسامییەشی لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆوە خراوەتەڕوو.

له ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا (دارا)، کارەکتەری سەرەکیی و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە، لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو شاری سانتیاگۆ، لەناو شەمەندەفەرەکەدا بە هۆی ماندوبوونەوە خەوی لێ دەکەوێت، کاتێك خەبەری دەبێتەوە ترسی خۆی لەوەی کە ڕەنگە شەمەندەفەرەکە شاری سانتیاگۆی بەجێ هێشتبێ، لە شێوەی مەنەلۆگێکی ڕاستەوخۆوە دەخاتە ڕوو: لە دڵی خۆمدا گوتم ((لەوانەیە شەمەندەفەرەکە لە سانتیاگۆش تێپەڕی کردبێ!))، ((چ بکەم؟))(**پیربال، ٢٠١٧، ٨٢**) خودی ئەم دوو مەنەلۆگە وەك ئەوەی دوو ڕستەی ئاسایین، شتێکیان تێدا نییە، کە سەرنجی ئێمە بەلای ئیستاتیکای زمان و دەربڕینەکەیدا ڕابکێشن، بەڵام هەڵبەت لە سیاقی گشتیی هەردوو ڕۆمانەکەدا، ئەوە سەرنج دەدرێت.

له ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا، ئەختەر لە دڵی خۆیدا دەڵێت: ((ئەگەر بەڕاستی خۆشی نەوێم و متمانەم پێ نەکات، چۆن نهێنیی ئەوەم لەلا دەدرکێنێت، کە ئەگەرچی ڕەفیق حیزبییە و لەناو بەعسدا کار دەکات، بەڵام خەتمایلە و خەباتی نهێنی لەپێناو نیشتماندا دەکات؟ چۆن ئەوەم لەلا دەدرکێنێت، کە سەر بە پێشمەرگەیە! بەڕاستی خۆشی نەوێم و متمانەم پێ نەکات، چۆن منیش لەگەڵ خۆیدا دەخزێنێتە ناو هەمان شانەی ڕێکخراوی نهێنیی شاخەوە و چارەنووسی من بە چارەنووسی خۆیەوە گرێ دەدات؟ چۆن دەیەوێ بمکاتە بەرپرسی شانەکانی ڕێکخراوی نهێنیی ئافرەتانی ناو شار و پلەی بەرزی حزبیم پێ ببەخشێ؟!))(**پیربال، ٢٠١٩، ١٩- ٢٠**)

له کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، کاتێك (باجی بناری ژنی مامەندە مۆن) بینەری ڕووداوەکانی شەوی کوژرانی (جوامێر) دەبێت لە ماڵی ئەختەر، دواتر ڕووداوەکانی ئەو شەوە بۆ (ڕەعنای ژنی سەلیم سەرپان) دەگێڕێتەوە، کۆمەڵێك مەنەلۆگ بەرچاو دەکەون، بۆنموونە: ((لە دڵی خۆمدا گوتم: لەوانەیە چاوەڕێی جوامێر بێ سەری لێ بدا! دەنگیشم بکردایە، هەموو دەرودراوسێ خەبەریان دەبۆوە. چووم نووستمەوە.))(**پیربال، ٢٠١٩، ١٢٥**)

ئەم دیمەنەی کە باسی دەکات ئەو ساتەیە، کە مولازم تەحسین پلانی بۆ گرتنی جوامێر داناوە و ئەختەریش ئاگاداری ئەو پلانەیە، بەوهۆیەشەوە لە ترس و دوودڵییەکی زۆردایە و چاوەڕوانی جوامیر دەکات لە حەوشەی ماڵەکەیدا... لێرەشدا لەڕێگەی مەنەلۆگێکی ڕاستەوخۆوە (باجی بنار) ئەو دیمەنەی خستۆتە ڕوو.

## تەوەری دووەم

## شەپۆلی هۆش و تەکنیکی خۆدواندن لە دەقی ڕۆمانەکاندا

ئەو ڕۆمانانەی فەرهاد پیربالّ، کە تویژینەوەمان لەسەر کردوون، جگە لە تەکنیکی مەنەلۆگ پشتی بە تەکنیکێکی دیکەی شەپۆلی هۆش بەستووە، کە یەکێکی تر لەو تەکنیکانەش (خۆدواندن)ە.

هەڵبەتە مەرج نییە ڕۆماننووس لە ڕۆماندا هەموو تەکنیکەکان بەکاربهێنێت، بەڵکوو دەشێ لە پرۆسەی گێڕانەوەدا تەنها پشت بە یەکێك لە تەکنیکەکان ببەسترێت، بەپێچەوانەشەوە ڕێگەپێدراوە لەوەی هەموو تەکنیکەکانی گێڕانەوە و ئاستە جیاوازەکانی شەپۆلی هۆش بەکار بهێنرێت، چونکە ئەمە شتێکی کۆنکرێتی نییە، کە ڕۆماننووسی پێ پابەند کرابێت، بەڵکوو دۆخێکە کەوتووەتە سەر سەلیقە و توانایی ڕۆماننووس خۆی، کە چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانێت لایەنی ئیستاتیکیی ڕۆمانەکەی پێ بەهیز و بتەو بکات، هەروەك فەرهاد پیربالّ، کە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانەوە لایەنی ئیستاتیکیی ڕۆمانەکانی بەهێز کردووە.

لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکەمان لە چەند شوێنێکدا بەرچاو دەکەوێت، دیارە نووسەر هەندێك جار لەڕێگەی ئەو پرسیارانەی کە لە تەکنیکی خۆدواندندا ئاراستەی دەکات، گرێیەك یان جۆرێك لە بیرکردنەوە و ئاڵۆزیی لای خوێنەر دروست دەکات، کە بەم کارەی جوانییەکی تایبەت هەم بە ڕۆمانەکە و هەم بە پرۆسەی گێڕانەوە دەبەخشێت. وەك ئەوەی لەم خۆدواندنەی (فەرەیدون)دا بەدی دەکرێت، ئەوکاتەی لە دادگایە و دادگایی دەکرێت، لەژێر ئەو پەڕۆ ڕەشەی کە بە چاوییەوە بەستراوە، چاوی بە ڕەنگی جیاوازی نووکی پۆستاڵەکانی سێ کەس دەکەوێت و ئەم پرسیارانە لە خۆی دەکات و بەشێوەی خۆدواندن پرسیارەکانی دەخاتەڕوو:

لە خۆمم پرسی ((باشە، بۆچی ئەمانە نووکی پۆستاڵەکانیان هەریەك ڕەنگێکی جیاوازە؟ ئایا ئەمانە دادوەرن؟ یان ئاسایش؟ یان تەنیا پۆلیسی پلەداری باڵان؟ ڕەنگە بۆئەوە بێت، کە یەکتری بناسنەوە! دووریش نییە هەریەکەیان سەر بە حیزب و دەسەڵاتێکی جیاوازبن! لەوانەشە خاوەنی هەر ڕەنگێك بەرپرسیارییەکی جیاوازی هەبێت! هەر چۆنێك بێت، جیاوازیی ڕەنگی نووکی پۆستاڵەکانیان، هەبێ و نەبێ، هەر دەبێ

مانایەکی هەبێ!))(**پیربال، ٢٠١٩، ٩٩**) لێرەدا فەرەیدون، لەڕێگەی ئەم خۆدواندنەوە کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستە کردووە، کە خوێنەری ڕۆمانەکە دەخاتە بیرکردنەوە و وای لێ دەکات بە شوێن وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە.

لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەورووپا)دا لە چەند شوێنێکی جیاوازی ڕۆمانەکەدا بەر ئەم تەکنیکە (خۆدواندن) دەکەوین، کە تێیاندا بیرکردنەوە و پرسیارەکانی کارەکتەرەکان خراونەتە ڕوو. بۆنموونە کاتێك (فەرهاد) سەرسام دەبێت بەو هەموو زانیارییەی کە (مسیۆ لووسیانا) دەربارەی مێژوو و ڕەچەڵەکی خۆی هەیەتی و توێژینەوەیان لەبارەوە دەکات بەدوایاندا دەگەڕێت، لە خۆدواندنێکدا و بەشێوەی پرسیار و وەڵام ئەم سەرسامییەی خۆی نیشان دەدات و لە خۆی دەپرسێت: ((باشە، ئەم پیاوە بۆچی لەم بابەتە مێژووییە کۆن و بەسەرچووانەی باوباپیرانی جوولەکەی خۆی دەکۆڵێتەوە؟ ئەم جۆرە توێژینەوە مێژووییانە چ سوودێکیان بۆ خۆی یان بۆ قەومی جوولەکە هەیە ئەمڕۆ؟))(**پیربال، ٢٠٢٠، ٨٩**) پاشان هەر خۆی لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بە خۆی دەڵێت: ((لەوانەیە ئەم گەڕان و توێژینەوانە بەشێك بن لە ئەرکی زانستیی ئەم جۆرە پیاوە ئەکادیمییانە.))(**پیربال، ٢٠٢٠، ٨٩**)

هەڵبەتە ئەو ئاستە لە ئیستاتیکای دەربڕینی زمانی، لەم خۆدواندنەدا بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەڕێگەی بەکارهێنانی گوزارەیەکی وەك (جوولەکە)، کە ڕۆماننووس زیرەکانە لەنێوەندی ڕستەدا بەکاری هێناوە، بەوەی کە سەرنجی خوێنەر لەسەر جوولەکەبوونی کارەکتەرەکەی زەق دەکاتەوە، لەکاتێکدا دەیتوانی بڵێت: (ئەم پیاوە بۆچی لەم بابەتە مێژووییە کۆن و بەسەرچووانەی باوباپیرانی خۆی دەکۆڵێتەوە.) دیارە ئەوکات ئەو ئاستە لە جوانیی دەربڕین و بەرزیی زمان بەدەستەوە نەدەهات.

دیسانەوە لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین)دا ئەوکاتەی (فەرەیدون)، کە کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لەبەردەم کابینەی تەلەفۆنەکەدا دەوەستێت و دەیەوێت بە (خاڵە حەمە ڕەحیم)ی خەزووری بڵێ، کە محەمەدی کوڕی لە شاری فلۆرەنسای وڵاتی ئیتالیا نەماوە و چارەنووسی تانیا و منداڵەکانیشی نادیارە، چەند نموونەیەکی خۆدواندنمان بەرچاو دەکەوێت، بەم شێوەیە:

لەبەردەم کابینەی تەلەفۆنەکە وەستابووم: چۆڵ ببێت و بچم تەلەفۆنێك بۆ هەولێر، بۆ ماڵە خەزوورەکەم بکەم. لەناکاو، بەخۆمم گوت: ((ئەنجامەکەی تەقریبەن، ئاشکرایە))،

((کەواتە، بۆچی تەلەفۆن بکەم؟)). پاشان گوتم ((تازە کارتەکەم هەر کڕیوە و خەسار دەبێ، هیچ نەبێ ئەوەی پێ بڵێم، کە چیتر وا نەزانن محەمەد لە فلۆرەنسا دەژی.))**(پیربال، ٢٠٠٣، ٥٠- ٥١)**

دیارە وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا بەرچاو دەکەوێت، یەکێك لە سیما دیار و جیاکەرەوەکانی تەکنیکی خۆدواندن، بریتییە لە پرسیار و وەڵام، کە کارەکتەر لەبەرخۆیەوە پرسیار دەکات و هەر خۆیشی وەڵامی ئەم پرسیارانەی خۆی دەداتەوە.

لە ڕۆمانی (منداڵباز)دا، نموونەی ئەم تەکنیکە و بەکاربردنی لەلایەن ڕۆماننووسەوە زۆر بە کەمی بەرچاو دەکەوێت و ئەوەشی هەیە خۆدواندنی کورتن و بە ڕستەی کورت دەربڕاون. بۆنموونە لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا گفتوگۆیەکی نێوان (مام قادری قەیماغفرۆش) و (ڕۆستەم)ی شاگردی بەرچاو دەکەوێت، کە ئەم تەکنیکەی تێدا بەکارهێنراوە، ئەویش لە کۆتایی گفتوگۆکەدایە، کە ڕۆستەم لەبەرخۆیەوە دەڵێت: ((ئای یووسفی بەستەزمان..!))**(پیربال، ٢٠٠٣، ٩٤)**

ئەوەی لە نموونەکەی سەرەوەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە، کە لە گفتوگۆی نێوان ئەو دوو کارەکتەرەی ڕۆمانەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە یووسف نەکراوە، بەڵام لە کۆتایی گفتوگۆکەدا کارەکتەری ڕۆستەم، لەڕێگەی خۆدواندنێکەوە ئاماژە بە ناوی یووسف دەکات، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە تەواوی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بەردەوام بیریان لای یووسف و ئەو ڕووداوەیە، کە بە سەریدا هاتووە.

لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە (دارا)، پاش بەسەربردنی دوو هەفتەی خۆش لە شاری بەرشەلۆنە، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا بۆ فەڕەنسا و لەناو شەمەندەفەردا، چاوی بە کچێك و ژنێکی پیر دەکەوێت، کە بینینی کچەکە هەستێکی سەیری پێ دەبەخشێ و لە خۆدواندنێکدا و لەڕێگەی دەستەواژەی (بە خۆمم گوت) ئەم هەستە سەیرە دەردەبڕێت و دەڵێت: ((سەیرە))، ((ئەم کچە کێیە!))، ((بۆ کوێ دەڕوا؟))، ((ئەم پیرەژنە کێیە لەگەڵی؟))**(پیربال، ٢٠١٧، ٢٨)**

لێرەدا و لەم خۆدواندنەدا دارا، سەرسامی و پرسیارەکانی ناخی خۆی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم پرسیارانە بێ وەڵام دەهێڵێتەوە، پێچەوانەی خۆدواندنەکانی دیکە، کە تێیدا کارەکتەر هەر خۆی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، هەروەك وتمان (پرسیار و وەڵام) یەکێك

له تایبەتمەندییەکانی ئەم تەکنیکەیە. ئەوەی لێرەدا هەیە، وەڵام نەدانەوەی ئەم پرسیارانە، گرێیەکە و ڕۆماننووس بە قەستی دروستی کردووە، خوێنەر لە درێژەی ڕۆمانەکەدا و لەڕێگەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دواترەوە دەگات بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، کە ئەمەش ئەو ئامانجەیە، کە ڕۆماننووس ویستویەتی بیپێکێت.

له بەشەکانی پێشووی توێژینەوەکەدا ئەو دەستەواژانەمان خستەڕوو، کە دەکرێ تەکنیکی خۆدواندنی پێ جیابکرێتەوە و لەم تەکنیکەدا بەکار دەهێنرێ، بەڵام هەندێك جار ڕۆماننووس بەبێ بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە، تەکنیکی خۆدواندن لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بەکاردەهێنێت. وەك ئەوەی لە ڕۆمانی (مولازم تەحسین و شتی تریش)دا بەرچاو دەکەوێت:

((چۆن دڵم بێ؟ چی پێ بڵێم؟ ئەمە پلانێکە و بۆ پەپوولەیەك دەنرێتەوە! ئەمە سێدارەیەکە و بۆ دڵم هەڵخراوە! چۆن دەمی قسەم هەڵبهێنم!؟))(**پیربال، ٢٠١٩، ١٠٢**)

لەم نموونەیەدا ڕۆماننووس بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەستەواژەیەکی جیاکەرەوە، ئەو خۆدواندنەی (جوامێر)ی خستووەتەڕوو، بەڵام خوێنەر لەڕێگەی قسەکانی دواتری (ئەختەر)ەوە، کە دەڵێ: ((ها، جوامێر؟! ئەم ورتەورتە چییە لەبەرخۆتەوە؟))(**پیربال، ٢٠١٩، ١٠٢**) بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم قسانەی جوامێر خۆدواندنە و لەگەڵ خۆیدا کردوویەتی.

هەڵبەت ئەگەر لە تەواوی خۆدواندنەکە بڕوانین، کە لەو نموونەیەدا خستوومانەتەڕوو، هەست بەو زمانە شیعرییە دەکەین، کە ڕۆماننووس لەپێناو بەخشینی لایەنی ئیستاتیکیی بە تەکنیکە، بەکاری هێناوە.

## تەوەری سێیەم

## شەپۆلی هۆش و بەدواداهاتنی ئازاد لە دەقی ڕۆمانەکاندا

فەرهاد پیرباڵ سەرەڕای بەکارهێنانی تەکنیکی (مەنەلۆگ) و (خۆدواندن)، یەکێکی دیکە لە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش، کە لە ڕۆمانەکانیدا بەکاری هێناوە، تەکنیکی (بەدواداهاتنی ئازاد)ە، کە لەم تەوەرەدا و لە نموونەی ڕۆمانەکاندا دەیخەینەڕوو.

لە ڕۆمانی (قەبرێکی سێگۆشە)دا، کاتێك (فەرەیدون) لە زینداندایە و یەکێك لە زیندانییەکان دێتە لای و کۆمەڵێك قسەی بۆ دەکات، لە بەشێك لە قسەکانیدا پێی دەڵێت: ((ئاگات لە خۆت بێ کۆپیت نەکەن!))**(پیربال، ٢٠٢٠، ٢٠٢)**

بیستنی ئەم قسەیە ئەبێتە هۆی بەگەڕخستنەوەی یادەوەرییەکی ڕابردوو لەلای فەرەیدون و قسەکانی (ناسر شەیدا)ی هاوڕێی بەبیر دێنێتەوە، کە پێشتر پێی وتبوو: ((مرۆڤە کۆپیکراوەکە دەنێرن بۆ شوێنێکی دیکە، یان دەینێرن بۆ وڵاتێکی دیکە، ئامانجەکانی خۆیانی پێ جێبەجێ دەکەن. ئەمە لەکاتێکدا مرۆڤە ئەسڵییەکە ڕەنگە هەر ئاگاشی لێ نەبێت، یان هەر باوەڕی بەو شتانە نەبێت، کە کۆپیکراوەکە دەیانکات و دەیانڵێ!))**(پیربال، ٢٠٢٠، ٢٠٣)**

بەیادکەوتنەوەی ئەم قسانەی ناسر شەیدا لای فەرەیدون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پێشتر ناسر شەیدا ئەم قسانەی بۆ فەرەیدون و هاوەڵانی ئەشکەوتەکەی باس کردبوو، کە گوایە لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە مرۆڤەکان کۆپی دەکرێن. هەربۆیە بە بیستنی ئەو قسانەی زیندانییەکە ڕاستەوخۆ ناسر شەیدای هاوڕێی بەبیر دێنێتەوە.

لە ڕۆمانی (هۆتێل ئەورووپا)دا، نموونەیەکی ئەم جۆرە تەکنیکەمان لە گفتوگۆیەکی نێوان (فەرهاد) و (مسیۆ لووسیانا)دا بەرچاو دەکەوێت. کاتێك مسیۆ لووسیانا باسی چۆنییەتی کۆکردنەوەی سامانەکەیان بۆ فەرهاد دەکات و هۆکارەکەی بۆ زیرەکی و دووربینیی باوکی دەگەڕێنێتەوە و پێیوایە، ئەگەر زیرەکیی باوکی نەبووایە، ئەمانیش وەك زۆربەی جوولەکە پورتوگالییەکانی تر، یان دەرگەوان یان خزمەتکاری ماڵە خانەدانەکان دەبوون. لێرەدا و بە بیستنی ئەم قسانەی مسیۆ لووسیانا، فەرهاد جوولەکەکانی گەڕەکەکەی خۆیانی بیردەکەوێتەوە:

((من لەودەمەدا جوولەکەکانی جارانی گەڕەکی منداڵیی خۆمم بیرکەوتەوە لە هەولێر، دایکم بۆمی دەگێڕایەوە، کە چۆن لە ساڵی (١٩٥١) بە بڕیاری فەرمیی نووری سەعیدی مەلیکی عێراق، هەر هەموو جوولەکەکانی کوردستان بنەوبارگەیان پێچاوەتەوە و بەزۆرەملێ ڕەوانەی ئیسرائیل کراون! دایکم دەیگوت: ((ئێمەی کوردی موسڵمان لەوکاتەدا چووین هەر هەموو کورسی و مێز و ئاوێنە و نوێن و کەوگیر و قاپوقاچاغە فڕێدراوەکانی ئەو جوولەکانەمان، کە لەبەردەم ماڵی خۆیاندا کەڵەکەیان کردبوون، بە نرخێکی زۆر هەرزان کڕییەوە تەنیا بۆئەوەی لەڕێگەی ئاوارەبوونی خۆیاندا ئەو جوولەکە بەستەزمانانە هیچ نەبێ هەندێك پارەی کەمیان پێ بێت بۆ ئەوەی لەڕێگە باروبوویان بکات))(**پیربال، ٢٠٢٠، ٨٤**)

لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین)دا، نموونەی ئەم تەکنیکەمان بەرچاو دەکەوێت، ئەوکاتەی (فەرەیدون) بۆ زانینی هەواڵی (محەمەد)ی ژنبرای دەچێتە لای (نەوزاد نەجیب ڕواندزی)، دیارە شوێنی مانەوەی نەوزاد ژێر قادرمەکانی ئەو ئاپارتمانەیە، کە پێشتر لێی دەمایەوە و بە هۆی نەدانی کرێکەیەوە لێی دەرکرابوو. ئەوکاتەی فەرەیدوون دەچێتە لای و دەیەوێ خەبەری بکاتەوە، بۆنی ناخۆشی جێگەی نووستنەکەی، ڕووداوێکی سەردەمی منداڵی دەخاتەوە بیری فەرەیدون و دەڵێت:

((ئەو بۆنە پیسە، یەکسەر، بۆنی ئەو پشیلە تۆپیوەی سەردەمی منداڵیمی بیرخستەوە، کە بیست و حەوت ساڵ لەمەوبەر، لە تەنیشت دووکانەکەی باوکم، لەناو دووکانی خەڵووزفرۆشێك، کە پێیان دەگوت مام ئەحچقورت... کەس نەیدەزانی چەند هەفتە و چەند مانگە لەوێ مردار ببۆوە و کەس پێی نەدەزانی! کاتێ دووکاندارە دراوسێکان بۆنی کەلاکی ئەو پشیلە تۆپیوەیان کرد ئینجا زانییان، کە مام ئەحچقورت خۆیشی لەناو دووکانەکەی خۆیدا گیانی لەدەست داوە. مام ئەحچقورتی بێ بناوان لەگەڵ پشیلە بەستەزمانەکەی پێکەوە مردبوون. کەس نەیدەزانی کامەیان پێش کامەیان مردووە، بەڵام هەردووکیان بەهەڤڕا لەناو کڵۆخەڵووزەکاندا کەڵەواژ ببوونەوە. ئەو ڕۆژە لەناو بازاڕەکە بووە هەرا. من و باوکم، سەبارەت بەوەی دراوسێی دووکانەکەی ئەو مام ئەحچقورتە خەڵووزفرۆشە بێکەسە بووین، لە یەکەمین ئەو کەسانە بووین، کە ویستمان بچینە ناو دووکانە تاریك و بەنسرمەکەوە. کاتێ یەکەمین هەنگاومان بەرەو ژوورەوە هەڵنا، بەبیرمە، باوکم یەکسەر ڕشایەوە. بەدەم ڕشانەوەوە، هەر هێڵنجی دەدا و پاشەوپاش دەکشایەوە. ئیتر بەم شێوەیە، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر کەس نەیدەتوانی بچێتە ناو

دووکانەکە لاشەی ئەو دوو بەستەزمانە غەریب و بێکەسە بهێنێتە دەرەوە...))(**پیربال، ۲۰۰۳، ۳۲- ۳۳**) بەکارهێنانی وشەگەلی وەك (ئەچقورت، کەڵەواژ، هەڤڕا، پاشەوپاش، کلۆخەلووز...) لایەنی ئیستاتیکیی زمان و دەربڕینیان پاراستووە.

لە ڕۆمانی (مندالباز)یشدا، دیسانەوە بەدوایەکداهاتنی ئازاد سەرنج دەدەین، بەوەی: ((هەموو جارێك یاسین کاتێك نزیك کەنتۆری جلوبەرگەکان دەکەوتەوە بۆئەوەی خۆی بگۆڕێ، هەستی سوگواری و غەمگینییەك دڵی ڕنەك دەدا؛ ئەو ڕۆژانەی بیردەکەوتەوە، کە بەیەکەوە دەچوونە گەڕەکی ناوقەسران و پرتەقاڵی شۆڕبووەوەی سەر دیواری خانووەکانیان لێ دەکردەوە.. ئەوەی بیردەکەوتەوە، کە پێکەوە دەچوونە حەمام سیروان و کاتێ دەهاتنە دەرەوە، یووسف بە سوعبەت بە یاسینی دەگوت: (یاسین، عەریف عیسا لەپێش دەرگای حەمام چاوەڕێت دەکات... ئاگات لەخۆت بێ!)، یاسینیش بە لاقرتییەوە پێی دەگوت: (گوو بخۆ. ئەگەر لێشمان نزیك بکەوێتەوە بە قامەیەك هەموو ناو سکی هەڵدەدڕم). ئەوەی بیردەکەوتەوە، کە ڕۆژێك یووسف چەند پێکەنی! پێکەنینی قەت ڕانەدەوەستا! دەیگوت، کە دایکی شێخەی هاوپۆلی (ئەو دەمەی ماڵیان لە مێرگەسوور بووە) ورچ بردوویەتی و تا دوو ڕۆژان هەر بنی پێی دایکی شێخەی لێستۆتەوە..))(**پیربال، ۲۰۰۳، ۱۰٦- ۱۰۷**)

دیارە بیرکەوتنەوەی ئەم یادەوەریانەی یووسف لای یاسین، بۆ بینینی جلوبەرگ و شتومەکەکانی یووسف دەگەڕێتەوە لەناو کەنتۆرەکەدا، چونکە وەك لە نموونەکەدا ئاماژەی پێ کراوە یاسین هەموو جارێك، کە نزیکی کەنتۆری جلەکان دەکەوێتەوە ئەم یادەوەرییانەی بەبیر دێتەوە.

هەڵبەت دەرخستنی ئیستاتیکای شەپۆلی هۆش لەم تەکنیکەدا، بۆ بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕۆماننووس زیرەکانە توانیویەتی بەکاریان بهێنێت، ئەگەرچی زۆربەی دەربڕین و یەکە زمانییەکانیش لە فەرهەنگی ئاسایی و ڕۆژانەی زمانەوە هەڵێنجراون، بەدەر لە وشەی (ڕنەکدان)، کە بە گوێی وەرگر نوێیە.

لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا ئەوکاتەی کە (دارا) سواری شەمەندەفەر دەبێت و بۆ شاری میلانۆ دەچێت، بەڵام پەساپۆرتی ئیتالی نییە و بۆ ڕۆیشتن بۆ ئیتالیا پێویستی بە ڤیزەیە، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە بۆ ماوەیەکی کورت و تا پۆلیسی سنوور لە

داواكردنى پەساپۆرت تەواو دەبن، بچێت و خۆى لە ئاودەسخانە بشارێتەوە. لەم كاتەدا بەسەرهاتى دوو هاوڕێى خۆى بیر دەكەوێتەوە، كە هەمان ڕووداویان بەسەردا هاتووە:

((دڵم بە تەپەتەپ كەوتبوو. لەوكاتەدا یەكسەر مەوجوود و ئەسعەدم بیر هاتەوە، كە وەختى خۆى، لە نامەیەكدا بۆیان نووسیبووم، گوایە كاتێ ویستوویانە لە ئەڵمانیاوە خۆیان بگەیەننە هۆڵەندا، هیچ پەساپۆرتێك، هیچ ڕەگەزنامە و هیچ ناسنامەیەكیان پێ نەبووە، كە نیشان بدا سەر بە وڵاتێك یان دەوڵەتێكى ئەم زەمینەن، ئیتر لەناو شەمەندەفەراندا، لەناو پاپۆڕاندا، هەمیشە خۆیان (لەناو ئاودەسخاناندا) شاردۆتەوە، تا گەیشتوونەتە ئەمستردام و لەوێ داواى مافى پەناهەندەییان كردووە.))**(پیربال، ٢٠١٧، ٣١)**

لێرەدا ڕووداوێك بووە بە هۆى یادكەوتنەوەى ڕووداوێكى دیكە، كە لە ڕابردوودا ڕووى داوە و هاوشێوەیى و لێكچوونى نێوانیان بووە بە هۆى ئەم یادكەوتنەوەیە و بەگەڕخستنەوەى یادەوەرییەكانى ڕابردوو، كە ئەمەش یەكێكە لەو تایبەتمەندییانەى تەكنیكى بەدواداهاتنى ئازادى پێ دەناسرێتەوە و جیا دەكرێتەوە.

لە ڕۆمانى (مولازم تەحسین و شتى تریش)دا كاتێك (جوامێر) وەكوو هەموو جارەكانى دى، لە شاخەوە دادەبەزێتە ناو شار، لەڕێگەى چوونى بۆ ماڵى (ئەختەر)، چاوى بە پیكابێكى درێژى پڕ لە جەیش و عەسكەر دەكەوێت و یەكسەر دەكشێتەوە و لەو ناوە دوور دەكەوێتەوە، دەچێتە ناو گۆڕستانێك و پاشان لەوێوە خۆى دەگەیەنێتە لاى ماڵى ئەختەر. لەو كاتەدا، جوامێر ساتێكى سەختى ڕابردووى بەبیر دێتەوە:

((لەو دەمەدا، جوامێر ئەو ساتە سەختەى ئەو ڕۆژەى بیر هاتەوە، كە نیو كیلۆ تى.ئێن. تییەكەى پێ بوو بۆئەوەى بیگەیەنێتە ئەختەر و ئەویش بیسپێرێتە (مچەى مەنیج) بۆئەوەى نیوەڕۆى ڕۆژى جومعە- كە دەوام نییە و خەڵكى تێدا نییە- بانكە حكوومییەكەى شار بتەقێننەوە! بەڕاستى ئەو ڕۆژە دەترسا! هیچ نەبێ لەوەى لەدەست خۆیدا بتەقێتەوە!))**(پیربال، ٢٠١٩، ١٠٠)**

بیركەوتنەوەى ساتێكى سەختى ئاوا لاى جوامێر، بۆ ئەو دۆخە دژوارە دەگەڕێتەوە، كە لە كاتى دابەزینى بۆ ناو شار، زۆرجار ڕووبەڕووى دەبووەوە. بینینى ئەو جەیش و عەسكەرانەش دۆخێكى نالەبارى بۆ دروست دەكات، كە تاڕادەیەك ترسە لە گیانى خۆى. واتە جوامێر لەوە دەترسێت، كە گیانى پارێزراو نییە و مردن هەمیشە وەك دێوەزمەیەك

بەشوێنییەوەیەتی. هەروەك چۆن لە نموونەکەدا هاتووە، کە دەڵێ جوامێر لەوکاتەدا دەترسا تەقەمەنییەکان لە دەستی خۆیدا بتەقنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە هەردوو بەسەرهاتەکەدا، ترسان لە مەرگ و ئاڵۆزیی دۆخی دەروونیی لای جوامێر بوونی هەبووە، چ لە ڕووداوە ئێستاییەکەدا و چ لە ڕووداوەکەی ڕابردوودا.

# ئـە نجــام

له کۆتاییدا و پاش وردبوونەوە لەو بابەتانەی کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوکەدا باسمان لێکردوون، دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە گرنگترین ئەو ئەنجامانە بدەین، کە پێی گەیشتووین و ئەوانیش بریتین لە:

١. شەپۆلی هۆش زاراوەیەکی (مێژوویی- فەلسەفی- دەروونی)یەو دواتر پەڕیوەتەوە بۆ جیهانی ئەدەبییات و بەتایبەتیش لە دەقە گێڕانەوەبەندییەکانی وەك چیرۆك و ڕۆماندا بەکاردەهێنرێت و ئەمەش زیاتر وەك میتۆد و تەکنیکێکی ڕۆمانی نوێ ناسێندراوە.

٢. شەپۆلی هۆش پشت بە جیهانی ناوەوەی کارەکتەر دەبەستێت و ئامانجی ئاشکراکردنی دەروون و ناخی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانە، واتە شەپۆلی هۆش زیاتر پێداگریی لەسەر جیهانی ناوەوەی کارەکتەر دەکات، بەوپێیەی کارەکتەر جیهانێکی سەربەخۆیە و کۆمەڵێك نهێنیی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

٣. سەبارەت بە تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆش، جۆرە تێکەڵاوییەك لەنێوان (مەنەلۆگ) و (خۆدواندن)دا کراوە و لە کۆمەڵێك لەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستمان بوون بە یەك تەکنیك ناوبراون، بەڵام ڕاستییەکەی دوو تەکنیکی جیاوازن، بەوەی (مەنەلۆگ) قسە-لەگەڵ-خۆکردنە لە ناخەوە و بەبێ دەرکردنی دەنگ، بەڵام (خۆدواندن) لەگەڵ-خۆ قسەکردنە بە دەنگەوە.

٤. (فەرهاد پیرباڵ) یەکێکە لەو ڕۆماننووسانەی کە سەرجەم تەکنیکەکانی شەپۆلی هۆشی بەشێوەیەکی ئیستاتیکیانە بەکارهێناوە. بەتایبەتی تەکنیکی (مەنەلۆگ) و (خۆدواندن)ی لە ڕۆمانەکانیدا زیاتر بەکارهێناوە. سەبارەت بە تەکنیکی (مەنەلۆگ)یش ئەوا (مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ) زیاتر لە ڕۆمانەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆربەی ڕۆمانەکانی ڕۆمانی (تاکدەنگی)ن.

# لیستی سەرچاوەکان

## - یەکەم/ بە زمانی کوردی


**(أ) ڕۆمانەکان:**

**١- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٣): پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.**

**٢- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٣): منداڵباز، چاپی یەکەم، ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی، هەولێر.**

**٣- پیربال، فەرهاد (٢٠١٧): سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، چاپی دووەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.**

**٤- پیربال، فەرهاد (٢٠١٩): قەبرێکی سێگۆشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.**

**٥- پیربال، فەرهاد (٢٠١٩): مولازم تەحسین و شتی تریش، چاپی سێیەم، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی.**

**٦- پیربال، فەرهاد (٢٠٢٠): هۆتێل ئەورووپا، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران.**

**(ب) کتێبەکان:**

**١- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١): فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.**

**٢- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس.**

**٣- بارت، ڕۆلان (٢٠١٥): دەروازەیەك بۆ شیکردنەوەی بنیاتگەرانەی چیرۆك، وەرگێڕانی: تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.**

**٤- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨): ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی- کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.**

**٥- حسێن، کازم شێخ (٢٠١٨): جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی-دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.**

**٦- حوسێن، هیمداد (٢٠٠٧): دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.**

**٧- خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١٩): ڕوانگەی ڕەخنە و ڕوانینی تیۆریی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.**

**٨- ڕەحمان، عەبدوڵڵا (٢٠١٤): بنیاتی گێڕانەوە- چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لەبارەی چیرۆك و ڕۆمان و ڕۆمانەشیعر)، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.**

٩- سەحرانەوەرد، بابەك (١٣٩٥): چوار وێستگەی ئەدەبی و هزری، چاپی یەکەم، ناوەندی بڵاوکردنەوەی گوتار، سەقز.

١٠- سەڕاج، عەبدوڵڵا (٢٠٠٧): بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١١- سەعید، جەلال ئەنوەر (٢٠١٣): گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

١٢- عومەر، ئاسۆ (٢٠٠٩): بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

١٣- کۆمەڵێك نووسەر (٢٠١٣): دیداری ڕۆمانی کوردی، ئامادەکردنی: لیژنەی ڕۆشنبیریی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٤- لاج، دەیڤید (٢٠١٩): هونەری داستان، وەرگێڕانی: هاشم ئەحمەد زادە، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، بانە.

١٥- مەستور، مستەفا (٢٠١٤): بنەماکانی کورتەچیرۆك، وەرگێڕانی: مەسعود خورشید سابیر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٦- مەنتك، حەمە (٢٠١١): سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٧- مەنتك، حەمە (٢٠١٣): تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

١٨- مەنتك، حەمە (٢٠١٨): هونەرەکانی چیرۆکنووسین، چاپی یەکەم، کتێبخانەی مێخەك، هەولێر.

١٩- محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٩): بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢٠- موجاهد، مجاهد عەبدولمونعیم (٢٠١٣): زانستی ئیستاتیکا، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢١- موفتی، پەری ساڵح (٢٠١٢): گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

**(ج) توێژینەوەی زانستی:**

١- خدر، ڕێزان ڕەحمان (٢٠٠٧): تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەڕاجدا، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، (بەشی زمانی کوردی- کۆلێجی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان).

٢- مەجید، دیار فایەق (٢٠١٣): شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، (بەشی زمانی کوردی- سکوڵی زمانی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان).

**(د) گۆڤارەکان:**

١- حسێن، جێگر سەلام (٢٠١٨): هونەری (چیرۆکخوانی) گێڕانەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٥٤).

٢- ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد (٢٠١٢): ئیستێتیکا و فەلسەفەی هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٧٩).

٣- سەحرانەوەرد، بابەك (٢٠١٦): ڕوانگە، شێوازی گێڕانەوە، و: شەریف فەلاح، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٣٥).

٤- سدیق، ئارام (٢٠١٥): تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (خەوتوو)دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢١٦).

٥- عەبدوڵلا، عەبدولوتەلیب (٢٠١٣): بنیاتی گێڕانەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٩٠).

٦- عەزیز، حەمدی (٢٠٢٠): ئیستێتیك فەلسەفەی جوانی و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٧٥/٢٧٦).

٧- مەنتك، حەمە (٢٠١٥): ئێستاتیکای زمان لە ڕۆمانی (نەتەوەی زێرابەکان)ی جەبار جەمال غەریبدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٣٢).

**(ژ) ماڵپەڕەکان:**

١- کەناڵی (یەلا) لە یوتیوب، https://www.youtube.com/watch?v=7TFK-hIYLYw

٢- کۆشکی، ئارام (٢٠١٨)، خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی برسێتی (کنووت هامسۆن)ی نەرویجی، ڕۆژنامەی هەولێر، https:// https://www.hawler.in/index.php/2017-12-28-23-19-07/item/737-2018-02-01-08-29-08

**(ر) ڕۆژنامە:**

١. تاڵەبانی، جەلال (٢٠٠١): سەروتار، کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٣٩)، ٢٠٠١/١٢/٢٢.

**(ز) نامەی ئەلیکترۆنی:**

١- نامەی ئەلیکترۆنی، فەرهاد پیربال، ٢٠٢٠/١١/١١، یەکشەمە، کاتژمێر (٧:٤٩)خوولەکی شەو.

٢- نامەی ئەلیکترۆنی، فەرهاد پیربال، ٢٠٢٠/١١/٢٧، سێشەمە، کاتژمێر (١١:٠٢)خوولەکی شەو.

- **دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

**(أ) كتێب:**

1. **زيتوني، لطيف (٢٠٠٢): معجم مصطلحات نقد الرواية، الطبعة الاولى، دار النهار للنشر، القاهرة.**
2. **الساعدي، خالد ساهر (١٩٨٩): البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، كلية الآداب- جامعة بغداد.**
3. **سلامة، أمين (١٩٨٨): الاساطير اليونانية والرومانية، الطبعة الاولى، دون.**
4. **صالح، أمين (٢٠١٠): السوريالية في عيون المريا، الطبعة الاولى، دار الفراشة للنشر والتوزيع، بيروت- لبنان.**
5. **كورتل، أرثر (٢٠١٠): قاموس أساطير العالم، الطبعة الاولى، دار نينوى، سورية- دمشق.**
6. **مطر، أميرة حلمي (١٩٧٩): فلسفة الجمال، الطبعة الاولى، دار المعارف، القاهرة.**
7. **همفري، روبرت (٢٠١٥): تيار الوعي في الرواية الحديثة، ترجمة: محمود الربيعي، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة، القاهرة.**

**(ب) توێژینەوەی زانستی:**

1. **عنبر و فليح، أكرم علي و شروق حيدر (٢٠١٩): تيار الوعي في رواية حامل الهوى لـ(أحمد خلف)، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، العدد (٣٥).**
2. **لونيسى، الصالح (٢٠١٢): تيار الوعي في رواية التفكك لرشيد بوجدرة (مذكرة ماجستير)، اشراف: الشريف بوروبة، جامعة الحاج لخضر- باتنة، الجزائر.**